دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٧٠

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

شەممە ● ٣١ی خەرمانانی ١٣٨٦ ● ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## ئازادکردنی کازم دارابی ناتەبایی لەگەڵ ڕێبازی دژایەتیی تێرۆریزم هەیە

دادستانیی ئاڵمان ماوەیەك لەمەوپێش رای گەیاند کە کازم دارابی گەلاڵەداڕێژی تیرۆری میکۆنوس ئازاد دەکرێ و بەرێ دەکرێتەوە بۆ ئێران. لەم پێوەندییەدا ولفگانگ ویلاند نوێنەری پارلمانی ئاڵمان کە پێشتر پارێزەری کەسوکاری قوربانییەکانی ئەو تیرۆرە بووە، گوتی: گەرچی ئاڵمان کاتی خۆی ئازایانە لەگەڵ ئەم پەروەندەیە هەڵسوکەوتی کرد، بەڵام ئازاد کردنی کازم دارابی بەرلەوەی لانیکەمی ماوەی دیاریکراو تێپەر بکا، ناتەبایی هەیە لەگەڵ ڕێبازی روونی بەربەرەکانێ لەگەڵ تێرۆریزم. لە تێرۆری میکۆنوس دا تێرۆریزمی دەوڵەتی دەستی هەبوو، ئەگەر دارابی ئازاد بکرێ و بچێتەوە ئێران وەك قارەمانێکی نەتەوەیی، هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. ماڵپەری " اخبار روز"

### لە ١٥ ساڵەی تیرۆری میکۆنووس دا

# شەهیدانی میکۆنووس یادیان زیندووەو هاندەری خەباتمانن



## ڕێوڕەسمی یادی پازدەهەمین ساڵی شەهیدکرانی دوکتور شەرفکەندیو هاورێیانی

سەر لە بەیانی رۆژی ٢٦ی خەرمانان، یادی ساڵرۆژی شەهیدکرانی دوکتور سادق شەڕفکەندیو هاورێکانی لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە رێستورانتی میکۆنووسی بێرلین بە دەستی تێرۆریستو تیرۆریست پەروەرانی کۆماری ئیسلامی، لە بنکەی دەفتەری سیاسی بە بەشداریی بنەماڵەو کەسو کاری شەهیدان، ئەندامانی رێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە چوو. سەرەتای رێورەسمەکە بە سروودی ئەی شەهیدان دەستی پێکردو پاش راگرتنی دەقیقەیەك بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، پەیامی دەفتەری سیاسی لەلایەن کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە. (دەقی قسەکانی کاك مستەفا مەولوودی لە لاپەڕە ٢دا بخوێننەوە). بڕگەکانی دیکەی رێورەسمەکە بریتی بوون لە:

- خوێندنەوەی پارچە هەڵبەستێکی شاعیری نەتەوەکەمان "شێرکۆ بێکەس" کە بەو بۆنەیەوە هۆنیویەتەوە،بە دەنگی بلاوێنی خاتوو خەدیجە مەعزووری ـ سروودی "سادقی شەرەفکەندی وەك چیا سەربڵیندی" لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزبەوە ـ پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن زلێخا جەشنی ـ پارچە هەڵبەستێك لەلایەن ئەحمەد قادری ـ پارچە هەڵبەستێك لە یادی شەهیدانی سەربەرزی میکۆنووس لەلایەن گزینگ نوورانییەوە ـ گۆرانیی ئەی شەهید بە دەنگی فەرهاد سالحی ـ پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هەڵمەت رەحمەتپوور ـ پارچە شێعرێك لە لایەن شێخ غەریب حەسەنی ـ خوێندنەوەی شێعرێك لەلایەن عەبباس حەق بین.

رێوڕەسمەکە کاتژمێر ١٢ بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب کۆتایی پێهات.

## راگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر عوسمان رەحیمییەوە

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

تێکۆشەران، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

بەداخو کەسەرێکی گرانەوە رادەگەیەنین کە دوانیوەڕۆی سێ شەممە ٢٠ی خەرمانان(١١ی سێپتامبری٢٠٠٧) هاوڕێ عوسمان رەحیمی ئەندامی دەستەی راوێژکاری دەفتەری سیاسیو تێکۆشەری دێرینو ناسراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشك کۆچی دوایی کرد.

کاك عوسمان رەحیمی، کوڕی حەمە ساڵە، ساڵی ١٣٣٥ ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خەباتگێڕو نیشتمانپەروەر دا لە شاری بانە دایك بوو. باوکی کاك عوسمان یەك لە پێشمەرگەکانی کۆماری کوردستان بووو، هەتا دوا ساتی ژیانی بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان وەفادار مایەوە. برایەکی کاك عوسمانیش بە ناوی عومەری رەحیمی کە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو، ساڵی ١٣٦٢ لە کاتی تۆببارانی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە گیانی لەدەست دا. عوسمان رەحیمی خوێندکاری ساڵی پێنجی دام پزیشکیی زانکۆی تاران بوو کە شۆرشی گەلانی ئێران بە دژی رێژیمی پاشایەتی سەرانسەری وڵاتی داگرت. بە هۆی رابردووی سیاسیی بنەماڵەکەیو تێکەڵاوی لە گەڵ کۆڕو کۆمەڵە خوێندکاریو خەباتگێرەکان، وەك خوێندکارێکی شۆرشگێڕو ئاگای کورد، رۆڵێکی چالاکی لەرێکخستنی خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی شاری بانە دا گرتە ئەستۆ. هەر ئەو ساڵەش بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لەو کاتەوە تا کاتی کۆچی بێوەختو لە ناکاوی هەموو توانای خۆی بۆ خزمەتی حیزبەکەیو بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەرخان کرد.

٤

## مەرگی عوسمان رەحیمی هاوپێوەندییەکی کەم وێنەی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان وەڕێ خست





مەرگی بێوەختی خەباتگێری ناودارو شۆرشگێڕی گەورە عوسمان رەحیمی، ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو یەك لە سیما خۆشەویستەکانی ئەم حیزبەو بزووتنەوەی ئازادیخوازانە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، شەپۆلێکی کەم وێنەی لە هاودەردیو هاوپێوەندیی حیزبو رێکخراوو کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانو کۆمەڵانی خەباتگێڕی خەڵك لە رۆژهەڵاتی وڵاتەکەمانو کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە گەڵ بنەماڵەی ئەو نەمرەو، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرێ خست.

لەم پێوەندییەدا دەفتەری سیاسیی حیزب بەیاننامەیەکی بلاو کردۆتەوە کە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە.



پەیامی دەفتەری سیاسیی بەبۆنەی ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور سادق شەڕەفکەندیو هاوڕێیانی ٢


هاوپێوەندیی جێی شانازی بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر عوسمان رەحیمییەوە ٥


قەیران لە جەمسەری دەسەڵات ٨


بەرێوەچوونی چوارەمین فستیڤاڵی منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان ٩


هەلومەرجی خۆڵقاندنی کارەساتی میکۆنوس و ئاکامەکانی ١٠

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# بەبۆنەی ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی





خەڵکی تێکۆشەرو نیشتمانپەروەری کوردستان!

میوانە خۆشەویستەکان!

هاوڕێیانی بەڕێز!

لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە بۆ ئەوەی بیرەوەریی ١٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، فەتاح عەبدولی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، همایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمانو نووری دێهکوردی یەکێك لە ئەندامانی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانو دۆستی نزیکی حیزبی دیموکرات یاد بکەینەوە.

ئیزن لە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی حیزب وەردەگرمو بەم بۆنەیەوە لەگەڵ سپاسو ڕێز بۆ ئێوەی خۆشەویست کە لەو ڕێورەسمەدا بەشداریتان کردوە، سڵاو بۆ ڕەوانی پاکی شەهیدە سەربەرزەکانی ١٧ی سپتامبری بەرلین دەنێرمو پەیمانی ئەمەگناسیو وەفاداریيان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە کە وەفادار بە ڕێگای پیرۆزیان دەبینو تا سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی ئازادیداو وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانیان کە ڕزگاری ئێران لە دیکتاتۆریو وەدستهێنانی چارەنووسی گەلی کوردە، حیزبی دیموکرات دەست لە خەباتو تێکۆشان هەڵ ناگرێ.

بەڕێزان

مێژووی خەباتو قوربانیدانی نەتەوەکەمان شاهیدی دەدا کە نەتەوەی کورد ئەگەر بەخشەندەترین گەل نەبێ یەکێك لە میللەتە هەرە بەخشەندەکانە کە بۆ ئازادیو سەربەستیو بەختەوەری، کوڕانو کچانی تێکۆشەری خۆی ڕەوانەی مەیدانی خەباتو تێکۆشان کردوە. بۆ ئەوەش نموونە ئەوەندە زۆرە کە پێویست بە چاوگێرانی ورد بە مێژووی ئەو نەتەوەیە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا نیە. هەر بە سووکە ئاوڕێکی خێرا لە تێکۆشانی ٦٢ ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت ٢٨ساڵ خەباتی ئەو حیزبە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆمان دەردەکەوێ کە نەتەوەکەمان چەند بە سەخاوەتەوە ڕۆڵەکانی پێشکەش بە ڕیزەکانی ئەو حیزبە کردوەو ئەو حیزبەش پشت قایم بە پشتیوانیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو توانای کوڕانو کچانی، چۆن نەترسانەو چاوسوورانە بەگژ ستەمو دیکتاتۆریو سەرەڕۆیی دا چۆتەوەو بەرگەی هێرشو پەلامارەکانو ڕوداوە سەختەکانی گرتوە.

لەم دەرفەتەدا ئاوڕێك لە خەباتی حیزبی دیموکرات بە دژی کۆماری ئیسلامی لە ٢٨ساڵی ڕابردوودا دەدەینەوە، هەتا بزانین گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو حیزبی دیموکرات چلۆن ڕێبەرانو تێکۆشەرانی بەنرخی لە پێناوی ئازادیدا بەخت کردوە. لەم ماوەیەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان جیا لە هەزاران ئەندام و کادر و پێشمەرگە دوو سکرتێری گشتیی خۆیو کۆمەڵێکی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەریو کادرە پایە بەرزەکانی خۆی لە بەربەرەکانیی ڕاستەوخۆ لە گەل هێزە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی یا لە ڕەوتی خەباتو تێکۆشان بۆ ئازادیدا بەخت کردوە کە هێندێکیان بریتین لە سەرگورد عەباسی، سەروان ئەحمەد جاوید فەر(هەژار)، عەبدوڵڵا بەهرامی، سەرگورد عەلیار، کەماڵ دەباغی، حەکیم ڕەزایی، تەها حەق تەلەب، سەدیق فەروخیان، ڕەحیم بەغدادی، سەدیق فیرووزی، عەبدوڵڵا قادریئازەر، عەلی کاشف پوور، عەبدوڵڵا شەریفی، غەفوور هەمزەیی، نەبی قادری، مەنسوور فەتاحی، شاپوور فیروزی، سەید ڕەسووڵ دێهقان، سەعدوون عەباسی، مەنسوور ناسری، سەلام عەزیزیو عوسمان ڕەحیمی.

هاوڕێیان دوکتور سادق شەرەفکەندی یەکێك لەو دوو سکرتێرەی حیزبە کە لە ماوەی ئەو ٢٨ساڵەدا تێرۆر کراوە. کاك سەعید بۆ زۆرمان سیمایەکی ناسراوە، بە تایبەت بۆ ئەو بەشە لە هاوڕێیان کەماوەیەکی زۆر بە کردەوەو لەنزیکەوە هاوڕێو هاوخەباتی بوون. لە ماوەی چواردە ساڵی ڕابردوودا کە هەموو ساڵێو بە بەردەوامی یادی ئەو ڕێبەرە شەهیدە کراوەتەوە، بە شێوەی جۆراوجۆر ژیانی سیاسیو کەسایەتیی بەرزی ئەو شەهیدە گەورەیە کەوتۆتە بەرباسو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. بەڵام بە پێویستی دەزانین لە ١٥ساڵەی شەهید بوونیدا بە شێوەیەکی چڕو خێراش بوو بێ هێندێك لایەنی دیکەی کەسایەتیی ئەو تێکۆشەرە بخەینە بەر سەرنج.

دوکتور سەعید ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی بوو بە ئەندامی حیزبی دیموکراتو پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، تەواو وەخت لە ڕیزەکانی حیزب دا دەستی بە تێکۆشان کردو لە ماوەیەکی کەمدا پلە بەرزەکانی تەشکیلاتیی حیزبی بڕیو ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی پاش تێرۆری دوکتور قاسملوو بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب، لە ماوەی سکرتێرییدا بە هاوکاریی هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی حیزبو بە پشتیوانیی بێدریغی تێکۆشەرانی حیزب ئەو ئەرکەی بە باشی بەڕێوە بردو، بوو بە جێگای هومێدی حیزبی دیموکرات. لە دەرەوەی حیزبیش بوو بە کەسایەتییەکی دیار. بەڵام بە داخەوە ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی گیانی لێ ئەستاندو مەودای پێنەدا لەو پۆستە گرینگەدا بە ئیلهام وەرگرتن لە ڕێبازی حیزب کە دوکتور قاسملوو ئەندازیاری و بۆ خۆشی یەکێك لە داڕێژەرانی دیار و بەرچاوی بوو، لە گەڵ تواناو زیرەکیو ماندوویی نەناسی کە تایبەتمەندیی دیاری ئەو بوون، بیکات بە هەوێنی تێکۆشانی زیاتر بۆ درێژەدانی خەباتی میللەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوکتور سەعید هەر لەو کاتەوە کە هاتە ڕیزی ڕێبەرایەتیی حیزب یەکێك لە داڕێژەرانی سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزب دیموکراتی کوردستان بوو. لە سەر پاراستنی ئوسوولو پرنسیپەکانی حیزب شێلگیرو پێداگر بوو، ڕێبەرێك بوو کە بە باشی هەستی بە گرینگیی نەخشی تەشکیلات لە حیزبو بزووتنەوەدا کردبوو و تەشکیلاتی حیزبو خودی حیزبیشی وەك وەسیلەیەکی پێویستو گرینگ بۆ هیدایەتو ڕێبەرایەتی کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستان چاو لێ دەکرد.

دوکتور سادق شەرەفکەندی ئینسانێکی بوێر، نەترسو ڕاستگۆ بوو، بێباکانە بۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕیو لە پێوەندی لەگەڵ هەموو مەسەلەیەك دا هەڵوێستی دیارو ڕوونی هەبووو ئەو تایبەتمەندییانە لە سیاسەتو کردەوەکانی دا ڕەنگی دابۆوە.

دوکتور سەعید بڕوایەکی قووڵی بەجێگیر کردنی دێمۆکراسی لە ئێران داو دابین کردنی ماڤ نەتەوەکانی ئەو وڵاتە هەبوو. لە ڕوانگەی کاك سەعیدەوە هەر حەرەکەتێکی خەباتگێرانە لە ئێرانو کوردستان ئەوکاتە ڕەسەنو جێگای هیوا بوو کە تێکۆشان بۆ سەقامگیر کردنی ئازادیو دێمۆکراسیو مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە بەرنامەیدا بێ.

دوکتور شەرەفکەندی مرۆڤێکی خاکیو خەڵکیو موتەوازێع بوو، لەگەڵ تێکۆشەرانو ئەندامانی حیزب دا ڕوو خۆشو دڵفرەوان بوو، بەڵام لە ئاست دوژمنانی میللەتی کورد توندو بێ گوزەشت بوو و قورسو قایم لە بەرامبەر دوژمن دا ڕادەوەستاو تۆزقاڵێك ڕاڕاییو دوو دڵی نیشان نەدەدا. دوکتور سەعید خەڵکی کوردستانی بەدڵ خۆش دەویست هەر بۆیەش گیانو ژیانی بۆ خزمەت بە وان تەرخان کردبوو.

دوکتور سەعید بڕوایەکی قووڵی بە هاوکاریی نەتەوەکانو هەموو ئازادیخوازانی ئێران هەبوو. ئەو پێی وابوو ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەبێ هاوکاریو هاوپێوندیی هێزە نیشتمانپەروەرو خەباتگێرەکانی ئێران کارێکی مومکین نیە. بۆیە لە هەر دەرفەتێك بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی وەردەگرتو بە کردەوە هەوڵی بۆ دەدا. لە دوایین سەفەری دا بۆ دەرەوەی کوردستان کە بە داخەوە بوو بەسەفەری بێ گەڕانەوە بەشێکی زۆر لە هەوڵەکانی خۆی بۆ لێك نزیك کردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانی تەرخان کرد.

لە گەڵ ئەو ڕاستییە کە دوکتور سەعید هەستی پێ کردبوو، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی واتە هاوکاریو هاوخەباتیی هێزەسیاسییە نیشتمانییە ئێرانییەکان، لەوەش غافڵ نەبوو کە نەخشی هەموو هێزەکان لە دابین کردنی دێمۆکراسی لە ئێراندا بەبێ لەبەر چاوگرتنی ماف هەموو نەتەوەکانی ئێران بوونی نابێ. ناوبراو ئەگەر لە لایەکەوە بڕوای بە نەخشی هەموو ئێرانییەکان لە دروست کردنەوەی ئێرانێکی دێموکراتیك بە بەشداری چالاکانەی هەمووان هەبوو، لە لایەکی دیکەوە دابین کردنی ماف گەلانی ئێرانو ڕێزدانان بۆ تایبەتمەندیی نەتەوەییو فەرهەنگیو ناوچەییەکانی ئەوانی بە یەکێك لە بناغەکانی دێموکراسی لە ئێران دا دەزانیو دژی دەستتێوەردانی حکوومەتی ناوەندی لە کاری خۆبەڕێوەبردنی نەتەوەکانی ئێران بوو. ئەوەی بە ماف ڕەوای گەلانی ئێران دەزانی کە بۆ خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. جا چ بە ئارەزووی خۆیان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیكدا بمێننەوە یان ڕێگایەکی دیکە بۆ خۆیان دست نیشان بکەن.

بەشدارانی بەڕێز! یەکێکی دیکە لە شەهیدە بەنرخەکانی کارەساتی میکۆنووس هاوڕێی جوانەمەرگ فەتاح عەبدولییە. کاك فەتاح یەکێك لە کادرە هەرە گەنجەکانی حیزب بوو، کە تێکۆشانی خۆی لە ڕیزی یەکیەتیی لاوان دا دەست پێ کردو لە ماوەیەکی زۆر کەم جێگای شیاوی خۆی لە ڕیزی کادرە دیارەکانی حیزب لە تەشکیلاتی نەغەدە دا دۆزییەوە، بە هۆی تێکۆشانی بێ وچانو زیرەکی و لێهاتوویی، فەتاح زۆر زوو بوو بە هومێدی حیزبی دیموکرات. بە هۆی فیداکاریو کارزانی کە لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بوون، زۆر بە خێرایی پلەکانی تەشکیلاتی بڕیو هاتە نێو کادری ڕێبەریی حیزب. زۆر سروشتی ئینسانی و شۆڕشگێری، بۆ وێنە ئاگایی، ئەزموون، مەتانەتو سەبرو لەسەرەخۆیی کە لە کاك فەتاح دا کەڵکە ببوون ڕێبەرایەتیی حیزبی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە بەرپرسایەتیی کارەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستانی پێ بسپێرێ. فەتاح عەبدولی لە ماوەیەکی کەمدا لە مەیدانی کاری سیاسیو دیپلۆماسی دا زۆر چووە پێشو سەرکەوتوو بوو. ئەوانەی فەتاح عەبدولییان دەناسی شاهیدی دەدەن ئەگەر تێرۆریستانی دەست پەروەردەی کۆماری ئیسلامی گیانی پاکی ئەویان نەستاندبا بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو کەسایەتیانە دەبوو کە گەلی کوردو حیزبەکەی خزمەتی گەورەترو ڕۆڵی گەورەتریان لێ چاوەڕوان دەکرد.

لە گەڵ ڕێبەری شەهیدمان دوکتور شەرەفکەندیو دیپلۆماتی کارامەی حیزب کاك فەتاح عەبدولیدا، دوو کەسی دیکە بوونە قوربانیی دەستڕێژی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی کە لە خەباتکارانی ناسراوی کوردستانو ئێران بوون. هومایون ئەردەڵان، ئەندامی پێشووی کومیتەی ناوندیو کادری بە نرخی حیزبی دیموکرات کە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری حیزبی لە کوردستان سەرکەوتوانە بەڕێوە بردبوو و لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت لە وڵاتی ئاڵمان یەکێك لە کادرە چالاکەکانی حیزبی دیموکرات بوو. هەروەها نووری دێهکوردی خەباتکارو سیمای ناسراوی چەپی دیموکراتیکی ئێران کە لەمێژ ساڵ بوو ببووە دۆستێکی زۆر نزیكو بە نرخی حیزبی دیموکرات. وەك بە کردەوەش دیتمان لە مردنیش دا هەر هاوڕێو هاوسەفەری خۆشەویستانی خۆی لە نێو حیزبی دیموکرات دا بوو. جارێکی دیکە ڕێزو سڵاوی وەفاداریو ئەمەگناسی بۆ گیانی پاکی هەر چوار شەهیدی تێرۆری ١٧ی سپتامبری میکۆنووسو بەردەوامی بۆ ڕێگاکەیان، ڕێگای خەبات بۆ دێمۆکراسیو مافە نەتەوایەتییەکان لە ئێرانو کوردستان دا.

هاوڕێیان! لە کاتێك دا بیرەوەریی ١٥ساڵەی تێرۆری دوکتور سەعیدو هاوڕێیانی ڕێز دەگرین کە خەڵکی ئێران سێبەری ڕەشی کۆماری ئیسلامیيان هەروا بەسەرەوەیە، کەمترین دیموکراسیو ئازادی لە ئێران دا نیە، ژنان هەروەك ئینسانی دەرەجە دوو سەیر دەکرێن تەنانەت لە ساڵانی ڕابردووش زیاتر سووکایەتییان پێ دەکرێ. ڕووناکبیران، تێکۆشەرانی سیاسیو چالاکانی کوردی ماڤ مرۆڤ لە ژێر فشارو پەلاماری ڕۆژانەی مەئموورینی حکوومەتی دان. دەسەڵاتداران بۆ گەیەشتن بە ئامانجی شوومیان هەموو سنورە قانوونیو ئینسانیو ئەخلاقییەکانیان بەزاندووە. تێکۆشەرانی سیاسیو ڕووناکبیران حوکمی دژی ئینسانیی ئیعدامیان بەسەردا دەدرێو بە داخەوە بە ئاشکراو بە نەهێنی حوکمەکان بەڕێوە دەچن. بە پێی ڕاپۆرتەکان لە دوو ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە ئێران ئیعدام کراونو ئێران لە بەڕێوەبردنی حوکمی ئیعدام دا مەقامی یەکەمی لە جیهان وەدەست هێناوە.

بێکاری، ئاوسان، گرانی، ئیعتیادو دەردە کۆمەڵایەتییەکان ڕێوشوێنی ئەخلاقیی ئەو کۆمەڵگایەیان هێناوەتە ژێر پرسیار. پێك هێنانی (پۆلیسی ئەمنیەتی ئەخلاقی) بۆتە بەڵایەکی دیکەی ئەو کۆمەڵگایە. مەئموورانی ئەو کومیتەیە شەخسیەتو کەرامەتی ئینسانەکان بە تایبەت ژنانیان هێناوەتە ژێر پرسیارو بۆتە وەسیلەیەك بۆ فشار خستنە سەر ژنانی تێکۆشەرو ڕووناکبیران وداکۆکیکارانی مافی مرۆڤ.

ئەو ڕێژیمە پاش ٢٨ساڵ لە حاکمییەتی جەهەندەمی ئێستاش وەك پێویست نەیتوانیوە زۆر لە کێشەکانی ڕۆژانەی خەڵکی ئێران چارەسەر بکا. گرانیی ڕۆژبەڕۆژی کەلوپەلی زەرووری ژیانو جیرە بەندیی بەنزین نموونەی دیاری ئەو ڕاستییەن.

لە ناوچەش دا دەزانین لە دەورانی سەر کۆماریی خاتەمیدا ئێران تا ڕادەیەك لە گەڵ وڵاتانی ناوچە پێوەندیی باشی پەیدا کردبوو. ئەوە بە جۆرێك بوو کە خەریك بوو ڕوانگەکان لە ناوچەدا بە نیسبەت ڕێژیم بگۆڕێن. ئەو هەڵوێستی لە سەر وڵاتانی ئورووپا زۆرتر شوێنی دیار بوو. تەنانەت ئەمریکاش (بەدیدی موسبەت) سەیری هەڵویستی خاتەمی دەکرد. بەڵام گەڕانەوەی توندڕەوەکان بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامیو هەڵبژاردنی ئەحمەدی نژاد بە سەر کۆمار، ماهییەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامیی بە ڕوونی نیشان دایەوە بە جۆرێك کە ئێستا کەم وڵات هەیە کە لە کردەوەی ڕێژیم لە نێو خۆی وڵات داو لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیو بەرنامە ئەتۆمییەکەی ناڕازیو بێزار نەبێو ئەو نیزامە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ناوچەو جیهان نەزانن.

ئەحمەدی نژاد یەك لایەنە پەروەندەی ئەتۆمیی ئێرانی تەواو بوو ڕاگەیاندوە، ئەوە لە حاڵێك دایە کە هەتا ئێستا شوڕای ئەمنییەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دوو بڕیارنامەی لە سەر مەحکوومکردنی هەوڵدانی ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمیو سزادانی ئەو ڕێژیمە دەرکردوە و هیچ دوور نیە بەو زووانە بڕیارنامەی سێهەمیش لە دژی ئێران دەر بکرێ.

سەرۆکی ئاژانسی ئەتۆمی دەڵێ ئاخرین شانس لە پێش ئێرانە کە بە قسەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکاتو واز لە بەرنامەی ئەتۆمی گوماناوی

←

# هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزب و کۆمەڵ بخەینە گەڕ

# هەواڵەکان

## چالاکیی تەبلیغی بە بۆنەی پازدە ساڵەی شەهید بوونی د.سادق شەرەفکەندیو هاورێیانی

ئەمساڵیش بە بۆنەی پازدە ساڵەی تیرۆری میکۆنووسو شەهید بوونی د. سادق شەرەفکەندیو هاورێیانی لە بێرلین تێکۆشەرانی رێکخستنی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو لایەنگرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستان بە شێوەیەکی بەربڵاو لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان ئەنجام داوە. لەم چالاکییانەدا تراکتو وێنەی شەهیدانو دروشمی تایبەت بەم یادە لە شوێنە گشتییەکان دا بڵاو کراوەتەوە.

ناوی بەشێك لەو شارانەی هەواڵی ئەم چالاکییەکانیان بە "کوردستان" گەیشتوە لێ بەرێوە براوە بریتین لە: سنە، مەهاباد، بۆکان، بانەو سەقز.

**بڵاو کردنەوەی CDی بەخاك ئەسپاردنو پرسەی کاك عوسمان رەحیمی لە شارەکانی بانەو مەهاباد**

بە بۆنەی کۆچی ناوەختی تێکۆشەری دێرین کاك عوسمان رەحیمی، لە شارەکانی بانەو مەهاباد ژمارەیەکی زۆر CD رێورەسمی بە خاك ئەسپاردنو پرسەی ئەو تێکۆشەرەو تراکتو دروشمی پێوەندیدار بە شێوەیەکی بەرین لە لایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بڵاو کرایەوەلە شوێنە گشتییەکانی ئەو شارانە بڵاو کرایەوە:

### سنە: دەستبەسەر کردنی هاووڵاتیانی شاری سنە درێژەی هەیە

کوردستانو کورد: ماوەی زیاتر لە دوو مانگە کە دوو کاسبکاری سنەیی بە ناوەکانی سەباح دۆستیو سەدیق رۆستەمی لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری سنەوە بە گومانی هاوکاری لەگەڵ یەکیك لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەست بەسەر کران.

ناوبراوان نزیکەی ١٠ رۆژە لە زیندانی ئیتلاعاتەوە گواستراونەتەوە بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سنە بە بێ ئەوەی ئیزنیان پێ بدرێ پارێزەر بگرن ــ هەروەها بە بێ ئاگاداریی بنەماڵەکانیان دادگایی دەکرێن.

بە پێی ئەو زانیاریانەی لە زیندانی سنەوە بە دەستمان گەیشتوون ناوبراوان کەوتوونەتە بەر ئەشکەنجەی دژە مرۆڤانە بۆ ئەوەی ددان بەو تاوانانەدا بنێن کە خراوەتە پاڵیان.

جێگای ئاماژەیە کە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا هێزەکانی رێژیم کەشوهەوایەکی توندی ئەمنییەتییان لە شاری سنە دروست کردووەو هەر چەشنە جموجۆڵێکی مەدەنیو شارستانیانە بە توندترین شێوە بەرپەرچ دەدەنەوە. ناوی کۆمەڵێك لەو کەسانەی لە شاری سنە دەستبەسەر کراون بریتین لە:

١ـ ئاکۆ کورد نەسەب، رۆژنامەوانو هەواڵنێری حەوتوونامەی کەرەفتوو کە ماوەی زیاتر لە ٤٠ رۆژە لە زیندان دایە. ٢ــ موسلیم سەعید پوور، کاسبکار، کە نزیکەی دوو مانگە لە زیندان دایە. ٣ــ کاوە تەهماسبی، کاسبکارو شاخەوان کە ماوەی ١٥ رۆژە، رفێندراوەو بێ سەرو شوێنە. ٤ــ هێدایەتی غەزالی. ٥ــ کەیوان جەوانمەرد، رۆژنامەوان کە ماوەی ١ ساڵە لە زیندان دایە. ٦ــ سەباح دۆستی، کاسبکار کە ٧٠ رۆژە لە زیندان دایە. ٧ـ سەدیق رۆستەمی. ٨ــ سەباح ناسری. ٩ــ ئیجلال قەوامی، رۆژنامەوان کە سزای ٣ ساڵ زیندانی بۆ دەرکراوە. ١٠ـ ئاسۆ ساڵح، رۆژنامەوان کە دوای ئەوەی سزای ١ ساڵ زیندانیی بۆ دەرچوو، لە باشووری کوردستان گیرساوەتەوە.

### مەهاباد: هێزەکانی رێژیم کاسبکارێکی دیکەیان کوشت

رێکەوتی ٢١ی خەرمانان لە گوندی " کانی باغ" هێزەکانی رێژیم بایەزید عەزیمی ٥٩ ساڵە، کە کاسبکارێکی خەڵکی ئاوایی کانی باغ بوو وەبەر ماشێن دەدەنو بە جێی دێڵن. ناوبراو لەلایەن خەڵکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە، بەڵام لەبەر قورسیی برینەکانی دەمرێ.

شایانی باسە تا ئێستا هێزەکانی رێژیم بەرپرسیایەتیی ئەو رووداوەیان وەئەستۆ نەگرتووەو بنەماڵەکەشی بە دوای بکەرانی ئەو کارەساتەوەن.

### دوو کەس بەهۆی کەوتنەوی ئاگر گیانیان لە دەست دا

بەهۆی کەوتنەوی ئاگر لە ماڵی کابرایەك بەناوی عەبدوڵڵا ئاڵیپوور لە گەرەکی مەیدانی شۆرش (استقلال) بەداخەوە دوو کەس لەو بنەماڵەیە بەناوەکانی فاتمە رەسووڵیو کەماڵ ئاڵیپوور لە نێوگڕی ئاگردا سووتان.

### بۆکان: ئیدارەی ئیتلاعات زیاتر لە ١٠ کەسی دەستبەسەر کردوە

لە ماوەی حەوتووی رابردوودا زیاتر لە ١٠ کەس، لە خەڵکی شاری بۆکان کە بەشی بەرچاویان لە سنعەتکارانی ئەو شارەن لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارەوە دەستبەسەر کراون.

شایانی باسە بەرپرسی عەقیدەتی سوپای پارێزگاری ورمێش لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵدەریی فارس ئەم هەواڵەی پشتڕاست کردۆتەوەو تۆمەتی راگرتنی چەكو کوشتنی مۆرەکانی رێژیمو مۆرەکانی بڵاو کردنەوەی ماددە هۆشبەرەکانی خستۆتە پاڵیان.

### بانە: کوژرانی دەرەجەدارێکی هێزی ئینتیزامی کۆماری ئیسلامی

رێکەوتی٢٠ی خەرمانان، لە نزیك گۆڕستانی سلێمان بەگی بانە، دەرەجەدارێکی هێزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامی بە ناوی "حەسەن رەفیعی کیا" وەبەر ماشێنی کاسبکارێکی ناوچەکە دەکەوێو گیانی لە دەست دەدا.

### سەردەشت: کوژرانی سەرهەنگێكو ئەفسەرێکی رێژیم بە هۆی تەقینەوەی مین

رێکەوتی ٢٤ی خەرمانان، ماشێنێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەشتی مردواوێی ناوچەی سەردەشت وەسەر مین دەپەڕێو لە ئاکامدا هەموو سەرنیشینەکانی دەکوژرێنو بریندار دەبن. شایانی باسە لە نێو کوژراوەکاندا سەرهەنگێكو سەروانێك دەبینرێن.

### دێولان: ماشینی بەکرێگیراوێکی دیکە ئاوری تێبەردرا

رێکەوتی ٤ی خەرمانان ماشێنی بەکرێگیراوێك بەناوی "سمایل هاشمی" لەلایەن چەند تێکۆشەری کوردەوە ئاوری تێبەردرا. ناوبراو بەرپرسی "حیراسەتی ئیدارەی ئاموزشو پەروەرش" ی دێولانە. شایانی باسە ماوەیەك لەمەوبەرریش ماشێنی دوو بەکرێگیراوی دیکە بە ناوەکانی "خالید خانی" و "سەید تاجەدینی هاشمی نەسەب" ئاوریان تێ بەردراوە.

### پاوە: کوژرانی چەند هاووڵاتی لە پێکدادانی ٢ ماشێن دا

دوانیوەڕۆی رۆژی ٢شەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٩/١٧ ماشێنێکی پێژۆ کە هەڵگری بەنزین بووەو لە شاری کرماشان بەرەو پاوە لە رێگادا بووە، لەلایەن هێزەکانی رێژیمەوە دەستووری وەستانی پێدەدرێ کە شۆفێری ماشێنەکە بە خێرایی خۆی دەرباز دەکا لە ئاکام دا بە هۆی خێرایی زۆرەوە خۆی بە ماشێنێکی دیکەدا دەدا. هەردووك ماشێنەکە ئاگریان تێبەردەبێو سەرنشینەکانی دەسووتێن. شایانی باسە لە نێو کوژراوەکانی ئەو رووداوەدا کوڕی شەهیدێکی سەربەرزی حیزبەکەمان بەناوی ئاراس کوڕی شەهید فەتاح حوسێنی دەبینرێ.

### سەقز: بەرهەڵا کردنی پێشی کرینو فرۆشی ماددەی سڕکەری کراك (کریستاڵ)

ماوەیەکی زۆرە ماددەی سڕکەری کراك، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە شاری سەقز دا بڵاو بۆتەوەو بە نرخێکی هەرزان دەکڕدرێو دەفرۆشرێ. شایانی باسە ئەو ماددەیە شیمیایییەوە بە دوو شێوازی حەپو تەزریق کردن بەکار دەهێنرێ. بەکار بەرانی کراك ماوەیەك بەر لە مردن پێستو گۆشتی لەشیان هەڵدەماڵدرێ، هەر بۆیە مردوو شۆرەکانو نەخۆشخانەو مزگەوتەکان حەقیان نیە ئەو کەسانەی بەو ماددەیە دەمرن وەخۆ بگرن.

### پیرانشار: کاروانچییەك لە سنووری حاجی عومەران کوژرا

شەوی چوارشەممە (١٣٨٦/٦/٢٨)، دەستەیەك کاروانچی لە کاناڵی حاجیعومەران کەوتنە کەمینی هێزەکانی رێژیمەوەو تەقەیان لێکرا، کە لە ئاکام دا کەسێك بەناوی خدر خزری کوری رەسووڵ مام سلێمان خەڵکی زێوەی پیرانشار بەدەستی سەروانێکی هێزەکانی رێژیم بەناوی گول تەپە خەڵکی شاری مەراغە کوژرا.

شایانی باسە سەروانی ناوبراو تا ئێستا ٤کەسی کوشتوە.

### بۆکان: کۆچی دوایی نیشتمانپەروەرێکی کورد

رێکەوتی ١١ی خەرمانان، حاجی ساڵەی کوهگەرد، باوکی شەهید "وەستا ئەحمەد کوهگەرد" (فەرماندەی پێشووی هێزی بەیان)، کۆچی دوایی کرد. ناوبراو هەمیشە پشتیوانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هێزی پێشمەرگە بووەو لە بەر ئەوەی کوڕەکەی پێشمەرگە بوو چەند جار لەلایەن رێژیمەوە ئازارو ئەشکەنجەو زیندانی کراوە.

شایانی باسە لە رێورەسمی بە خاك ئەسپاردنی ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرەدا بە هەزاران کەس لە خەڵکی بۆکانو شارەکانی دەوروبەر بەشدار بوون. بەم بۆنەیەوە وێرای بەداخ بوون لە کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە نیشتمانپەروەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەرێزەکەیو هەموو خەڵکی ناوچە دەکەین.

## دەورەیەکی ئاموزشی بۆ کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوە چوو

کومیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی خۆیداو بە مەبەستی بردنە سەری ئاستی زانیاری سیاسیی پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبو ئەندامانی یەکیەتییەکانی ژنانو لاوان خولێکی ئاموزشی بەرێوەبرد .

ئەو دەورەیە کە رێکەوتی ٨٦/٤/٢٤و بە بەشداریی زیاتر لە ٦٠ کەسو لە چەند کلاسی جیادا دەستی پێ کرد، نزیك مانگو نیوێکی خایاند. وانەکانی ئەو دەورەیە بریتی بوون لە: مافی مرۆڤ، دێموکراسی، ئازادی، جوگرافیای سیاسیی کوردستان، جوگرافیای سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەراست، رێنووسو رێزمانی کوردی، مێژووی هاوچەرخو فیدرالیزم.

## نەغەدە: بەرێوەچوونی رێورەسمی ساڵوەگەری مەرگی "محەممەد هەوراز"

رێکەوتی ٢٠ی خەرمانان، لە شاری نەغەدە لە "شوێن دۆڵ" رێورەسمێك بە بۆنەی ساڵوەگەری مەرگی شاخەوانی بەناوبانگی کورد محەممەد هەوراز بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی نەغەدە بە کوردو تورکەوە، هەروەها تیمی شاخەوانیی شارەکانی سنە، سەردەشت، سەقز، کە لەلایەن تیمی شاخەوانیی نەغەدەوە، بەرێوەچوو. شایانی باسە رێورەسمەکە لە ژێر سانسۆری توندی رێژیم دا بەرێوە چوو، بەجۆرێك کە ئیزن نەدرا زۆر وتارو بابەت بە زمانی کوردی بخوێنرێنەوە. پاش تەواو بوونی رێورەسمەکە بەشدار بووان روویان کردە سەر گڵکۆی محەممەدی هەوراز. شایانی باسە پاش تێپەڕ بوونی چوار ساڵ بەسەر مەرگی ناوبراودا دەوڵەت ئیزنی نەداوە بنەماڵەکەی گۆمبەزێکی شایانی بۆ گڵکۆکەی دروست بکەنو هەروا بە سادەیی ماوەتەوە.

### مەهاباد: کۆچی دوایی ئەندامێکی کۆنی حیزبی

رێکەوتی ٣ی خەرمانان، "خدری محەممەدی سۆفی عەبدوڵڵا" ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆچی دوایی کرد. ناوبراو ساڵی ١٣١٠ کۆچی هەتاوی لە ئاوایی کۆسەکەرێزی مەهاباد لە دایك بووە. کاك خدر لە دەیەی ٤٠ی هەتاویو خەباتی چەکدارانەی ٤٧ ــ ٤٦دا بە تایبەتی ئەندامێکی چالاك بووە. ناوبراو کەسایەتییەکی ناسراوو خۆشەویستی ناوچەکانی مەهاباد بە تایبەت ناوچەی شارویران بوو. شایانی باسە مەجلیسی پرسەی کاك خدر گەلێك گەورە بوو لە هەموو شارستانەکانی دەوروبەر بەشدارییان کرد. ئێمەش سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەکەیو هەموو خۆشەویستانی دەکەین.

### کۆچی دوایی پێشمەرگەیەکی سەردەمی کۆماری کوردستان

رێکەوتی ١ی سێپتامبری ٢٠٠٧ کاك سمایل شێخ ئاغایی، لە تەمەنی ١٠٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. کاك سمایل لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی کوردنشینی شاری میاندواو بووە. ئەو لەپاش تێکچوونی کۆماری کوردستان تا دوا کاتەکانی تەمەنی وەفادر بە کۆمارو ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەوە. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە کەسوکاری دەکەینو خۆمان لە خەمی لەدەستچوونی ئەو تێکۆشەرە دێرینەدا بە بەشدار دەزانین.

### پیرانشار: دوو هاوڵاتی کورد لە سەر سنووری حاجی ئۆمەران کوژران

لە درێژەی ئازاری کاسبکاران دا، هێزەکانی ئینتیزامی کۆماری ئیسلامی شەوی شەممە رێکەوتی ١٣٨٦/٦/١٧ لە سەر سنووری حاجی ئۆمەران تەقە لە کاروانچیان دەکەنو لە ئاکامدا دوو کەس بە ناوەانی کازم کەلانتەریو ئیبراهیم ئەحمەد زادە خەڵکی پیرانشار گیانیان لەدەست دەدەن. خەڵکی ناوچە سنووریەکانی کوردستان کە بە هۆی بێ دەرەتانیو بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان ناچار بە خستنە مەترسیی ژیانی خۆیانن، رۆژ نیە نەکەونە بەر هێرشی هێزەکانی رێژیم.

### سنە: هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری سنە گیانی لە دەست دەدا

شەوی یەکشەممە ٢٥ی خەرمانانی ١٣٨٦ی هەتاوی لاوێکی خەڵکی شاری سنە بە ناوی ایرج سجادی (گەوێڵی) کە حەوتوویەك لەمەو بەر لە ماشێنەکەیدا لە لایەن هێزەکانی ئینتزامییەکان رێژیمەوە تەقەی لێ کرابوو، لە نەخۆشخانەی بهشتی سنە گیانی لە دەست دا.

شایانی باسە کە ناوبراو حەوتوویەك لەمەوبەر لە لایەن هێزە دژە ئینسانییەکانی رێژیم لە فەلەکەی "نبوت"ی شاری سنە تا پادگانی ئەو شارە راوەدوو دەنرێو لە ئاکامدا تەقی لێ دەکرێو بە توندی بریندار دەبێ. هێزەکانی رێژیم کە هیچ بیانویەکیان بۆ ئەو جنایەتەیان دەست ناکەوێ، سەرەتا ناوبراو بەوە تاوانبار دەکەن کە تەقەی لە هێزی ئینتزامی کردووەو پاشان بوونی ٢٠ گەرەم تریاك لە ماشێنەکەیدا بە هۆکاری ئەو دەست درێژییە لە قەڵەم دەدەن.

درێژەی

## پەیامی دەفتەرسیاسی بە بۆنەی ١٥ ساڵەی...

خۆی بهێنێ. سەرۆك کۆماری فەرانسە دەڵێ ئەگەر ئێران واز لە پیتاندنی ئۆرانیوم نەهێنێو، حەول بدات بۆ وەدەست خستنی چەکی ئەتۆمی، ئەگەریی هێرشی نیزامی بۆ سەر ئەو رێژیمە هەیە . ئەمریکاش دەڵێ هەموو گوزینەکان بۆ ئەوەی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی رانەگات لە ئارادایە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران و سەر کۆماری ئەو وڵاتە هیچ نیشانەی ئەوەیان تێدا بەدی ناکرێ کە گوێ بدەنە داوای کۆمەڵگەی نێونەتەوەییو واز لە بەرنامەی ئەتۆمی گوماناوی خۆیان بێنن. بۆیە پێداگریی رێژیم لەسەر درێژەدانی بەرنامەی ئەتۆمیی و رەفتاری نامەسئوولانەو دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا ئەگەریی ئەوە بەهێز دەکا کە ئەو وڵاتە تووشی سزای توندی ئابووری و تەنانەت هێرشی ئامانجداری نیزامیش بێتەوە.

هاورێیان، دۆستان، خۆشەویستان!

لە حاڵێکدا یادی ١٥ساڵەی شەهادەتی دوکتور شەرەفکەندیو هاورێیانی دەکەینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەداخەوە شەش رۆژ پێش ئێستا یەکێکی دیکە لە تێکۆشەرە خۆشەویستو سیما ناسراوەکانی خۆی لە دەست دا. کاك عوسمان رەحیمی راوێژکاری دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، خەباتکاری بە ئەزموونو وشیار، تێکۆشەری چالاكو هەڵکەوتوو و ماندوویی نەناس، خەمخۆری زەحمەتکێشانی کوردستان، خەباتکاری خاکیو خەڵکیی ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی رزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بوو.

ئەو شەپۆلی هاودەردییەی کە لە کاتی بە خاك ئەسپاردنو پرسەو سەرەخۆشیو سێ رۆژ پاش بە خاك سپاردنی بۆ ئەو تێکۆشەرە وەرێ خرا، بە باشی دەریخست کە عوسمانی رەحیمی چ جێگایەکی بەرزی لە نێو دڵی خەڵکی کوردستان، هاوسەنگەرانو تێکۆشەرانی سیاسی کوردستاندا هەیە. بە لە دەست دانی کاك عوسمان خەسارێکی گەورە وە بزووتنەوەی کورد بە گشتیو حیزبی دیموکرات بە تایبەت کەوتوە. بەڵام دڵنیاین هاوسەنگەرانی لە ریزی حیزبی دیموکراتدا بە ئیلهام وەرگرتن لە رەوشتی بەرزی تێکۆشەر عوسمان رەحیمیو پەیامی ناوبراو شەوورۆژ دەخەنەوە سەر یەك بۆ ئەوەی هەرچی زووتر کەلێنی ئەو لە ریزی حیزبو سەنگەری ئەو لە بزووتنەوە رزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا پڕ بکەنەوە.

بەرێزان!

لە حاڵێك دا یادی ئەو تێکۆشەرانە دەکەینەوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بەرەو چواردەیەمین کۆنگرەی خۆی هەنگاو دەنێ. ئەم کۆنگرەیە هەر وەك لە بریارو کارو کردەوەی چەند مانگی رابردووی حیزبمان را دەردەکەوێ دەرفەتێکی زێرین دەبێ بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا . ئێمە دڵنیاین تایبەتمەندییە بەرزەکانی دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانیو ئەو ئامانجە پیرۆزانەی ئەوان گیانی خۆیان لە پێناودا بەخشی، هاندەرو ئیلهامدەرمان دەبێ بۆ بە خۆدا چوونەوەو نوێکردنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ ئەوەی لێبڕاوتر لە هەمیشە خەبات بۆ گەیشتن بە دێموکراسی، مافی نەتەوەیی و جێگیر کردنی بەها ئەمڕۆییو بەرزەکان درێژە بداو چرای هیوا لە دڵی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بگەشێنێتەوە.

**سڵاو لە شەهیدانی ٢٦ی خەرمانانی بێرلین، دوکتور سەعید شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، همایون ئەردەڵان، نووری دێهکوردیو هەموو شەهیدانی کوردستان**

**سەرکەوێ بزووتنەوەی رزگاری خوازیی خەڵکی کوردستان**

**نەمان بۆ رێژیمی تێرۆریستو تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامیی ئێران**

**٢٦ی خەرمانانی ١٣٨٦ هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر عوسمان ڕەحیمییەوە

درێژەی لاپەڕی ١

ئاگایی بەرزی سیاسی، خەڵکدۆستی، خاکەڕایی، ماندوویی نەناسیو ئامادەیی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی، زۆر زوو عوسمان ڕەحیمیی کرد بە سیمایەکی ناسراوو خۆشەویستی حیزبی دێموکرات لە شارستانی بانە. هەر بۆیە بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری سیاسی، تەشکیلاتیو ئامووزشیی لە ئاستی کۆمیتەی شارستانو هەیئەتی ئیجرایی دا پێ سپێردرا. کاک عوسمان لە ئاکامی نیشاندانی لێوەشاوەیی لە خۆیو سەرکەوتنی لە ئەرکە پێ سپێردراوەکانی دا، لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردراو بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی بانەی پێ سپێردرا.

هاوڕێی بە نرخ عوسمان ڕەحیمی لە ماوەی نزیك بە ٣٠ ساڵ تێکۆشانی شێلگیرانە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، هەموو کات یەك لە بەڕێوەبەرانو بەرپرسە بەتواناو بە خزمەتەکانی حیزبەکەی بووو، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە کادری ڕێبەریی حیزب دا، بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری گرتە ئەستۆ. ئەگەر لە هەلومەرجی دژواری خەباتی پارتیزانی دا، بەرپرسێکی فیداکار، مودیرێکی سەرکەوتوو، سیاسییەکی ئاگاو فەرماندەیەکی بە توانا بوو، لە بەڕێوە بردنی تەشکیلاتی نهێنی، گرتنە ئەستۆی کاروباری پێوەندییەکان، بەرپرسایەتیی سکرتاریای حیزب، ئەندامەتیی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان"و ئیدارە کردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانیش دا، سەرکەوتووو سەربەرز بوو. ئەو خزمەتانەی عوسمان ڕەحیمی لە بواری فکرو نووسینو فێر کردنو ڕاگەیاندن دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستانو خەباتی شۆرشگێرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوون، لە خزمەتەکانی دیکەی کەمتر نین.

عوسمان ڕەحیمی وەك ڕووناکبیرێکی شۆرشگێر دڵی لەگەڵ ڕووداوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی دا لێی دەداو، تێکۆشانی ڕاستەوخۆ لە نێو جەرگەی ئەم بزووتنەوەیەی دا بە ئەرکی بێ ئەم لاو ئەولای خۆی دەزانی. هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەموو مەرجەکانی گیرسانەوە لە ئورووپای بۆ دابین ببوو، کاتێك دوای ٣ ساڵ لە ئەڵمان گەڕایەوە کوردستان، لە نێو تێکۆشەرانی خۆراگری حیزبەکەیو نەتەوەکەی دا مایەوە تا ڕۆڵێکی کاریگەرتری لە بەرەوپێشبردنی تێکۆشانی حیزبەکەیو خەباتی گەلەکەی دا هەبێ. هاوڕێ عوسمان ڕەحیمی ساڵی ١٣٧٣ لەگەڵ خاتوو پەخشان کچی تێکۆشەری دێرین، مامۆستا ئەبووبەکر فەلسەفی ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. بەرهەمی ئەو ژیانە هاوبەشە ٢ کوڕو کچێکن بە ناوەکانی سامان، سوورکێوو سنوور. ژیانی تایبەتیو بنەماڵەیی کاك عوسمانو هاوژیانە ڕووسوورەکەی، پێشاندەری لایەنێکی دیکە لە کەسایەتیی بەرزی ئەو دوو تێکۆشەرە بوو. چونکە ژیانی هاوبەشو ئەرکە بنەماڵەیی یەکان هیچ کات نەبوون بە ڕێگر لەبەردەم خزمەتی بێوچانی عوسمان ڕەحیمی بە حیزبی دێموکرات. لە لایەکی دیکەوە ماڵی کاك عوسمان هەموو کات شوێنێك بووە بۆ داڵدەدانو خزمەتی تێکۆشەرانو هەڵوەدایانی کوردایەتیو ئازادی.



بە کۆچی دوایی عوسمان ڕەحیمی حیزبی دێموکراتی کوردستان خەباتگێرێکی کارامەو کەسایەتییەکی خۆشەویستو یەکێك لە ڕێبەرە پێگەیشتووو لێوەشاوەکانی خۆی لەدەست دا. کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هاوسەرو جگەرگۆشەکانی عوسمانی جوانەمەرگو، بنەماڵە بەڕێزەکانی ڕەحیمیو فەلسەفی لە بانەو فینلاند دەکاو هاودەردیو هاوخەمیی خۆی بە تێکۆشەران، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبو هەموو ئۆگرانی ڕەوانشاد عوسمان ڕەحیمی لە کوردستانو دەرەوەی وڵات ڕادەگەیەنێ. عوسمان ڕەحیمی ئەگەرچی بە جەستە بەجێی هێشتووین، بەڵام یادیو ناوی بە بۆنەی تەمەنێك خزمەت بە حیزبی دێموکراتو نەتەوەکەیو، ئەخلاقو ڕەفتاری بەرزی، هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوەو دەبێتە سەر مەشقی نەوە نوێیەکانی حیزبی دێموکراتو نەتەوەکەی.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی عوسمان ڕەحیمی ڕۆڵەی خۆشەویستی حێزبی دێموکراتو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەباتگێری کوردستان

سەرکەوتن بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانو خەباتی حیزبی دێموکرات کە عوسمان ڕەحیمی سێ دەیە لە تەمەنی کورتی خۆی بۆ خزمەتیان تەرخان کرد.

**کومیتەی ناوەندیی**
**حیزبی دێموکراتی**
**کوردستان**
**دوانیوەڕۆی ٢٠ی خەرمانانی**
**١٣٨٦**
**١١ی سێپتامبری ٢٠٠٧**

درێژەی

### بەر لە ماڵاوایی

#### بەبۆنەی ماڵاوایی تاهەتایی کاك عوسمانی ڕەحیمییەوە

لەگەڵ کۆستی مالاوایی کاك عوسمانی ڕەحیمیدا ئەوەی لە هەموو شتێك زیاتر دەبێتە مایەی وەفاداری بە ڕێبازی ئەو پێشمەرگە سەربەرزەو ئەو ڕێبەرە نەسرەوتووەو، بە دڵنیاییشەوە ئاسوودەیی بە گیانی پیرۆزی ئەو ئازیزەمان دەبەخشێ، نەك شینی بەکۆمەڵ، بەڵکوو پێداچوونەوەیەکی تاکەکەسیە بەوەدا کە ئاخۆ ئێمە، هەر یەك لە ئێمە، چەندە لە ئاستی بەرپرسیارەتییەکانمان داینو لە پێناوی وەڵامدانەوە بەو ئەرکانەی کە هەلومەرجی هەستیاری ئێستا هێناویەتە ڕێمان، چەندەمان مایە لە خۆمان داناوە.

لەگەڵ کۆچی دوایی کاك عوسمانی ڕەحیمیدا کۆمەڵگای کوردستان یەکێك لە شەریفترین ئینسانەکانی خۆیو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کوردیش یەکێك لە کەم وێنەترین ڕۆڵەکانی خۆی لە دەست دا. بە دڵنیاییەوە باسی لایەنەکانی کەسایەتیی بەرزی ئەو شەهیدە مەزنەی گەلەکەمان کارێك نیە ئێستاو لەم ساتە وەختەدا بتوانین کەمترین مافی خۆی بدەینێ.

عوسمانی ڕەحیمی لە کاتێکدا ماڵاوایی لێکردین، کە خۆی بەسەر "لوتکەی بڵیندی گەنجییەوە"، بە خەرمانانی نزیك سی ساڵ ئەزموونی تێکۆشانی بیوچانەوە، یەکێك لە لێوەشاوەترین کادرە پێشکەوتووەکانی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان بوو.

ماڵاواو سپاس، سپاس بۆ گەنجینەی بەنرخی خەباتو تێکۆشانی بێوچانت، ئەی هاوڕێی بەنرخی ڕێگای ئازادی! ئەی پێشمەرگەی لێوەشاوەی کوردستان! .... بەختەوەرین بەوەی هاوسەردەمو هاوسەنگەرت بووین، هاوڕێ! ... ڕێگات بەرنادەین، گەرچی ڕێبواری ڕێگات بوون شتێکەو ڕێبوارێکی وەك تۆ بوون شتێکیتر.

(*) وەك بەیاننامەی کومیتەی فینلاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوبۆتەوە.

# ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردن و پرسەی نەمر عوسمان ڕەحیمی بەڕێوە چوو



کاتژمێر ١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢١ی خەرمانان تەرمی تێکۆشەر و ڕووناکبیری کورد و حیزبەکەمان کاك عوسمانی ڕەحیمی لە کاتێکدا لە ئاڵای پیرۆزی کوردستان پێچرابوو، لە نێو خەم و پەژارەی بنەماڵەو کەسوکار و دۆستانیو بە بەشداریی سەدان کەس بریتی لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرو پێشمەرگەگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بنەماڵەکانیان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان بەرەو گۆڕستانی شەهیدانی حیزب هاوڕێیەتی کراو دوا ماڵاوایی لێ کراو بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردرا.

شایانی باسە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆیش ڕێورەسمی پرسە و سەرەخۆشیی نەمر عوسمان ڕەحیمی لە یەکێك لە سالۆنەکانی سەر بە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوە چوو. لەو ڕێورەسمە ماتەمینە کەم وێنەیەدا هەزاران کەس بریتی لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و کەسایەتییە حکوومی و زانستی و کۆمەڵایەتی و هونەرییەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری کۆیە و دەوروبەر و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان بەشدار بوون.

لە سەرەتای ڕێورەسمەکەدا تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێمۆکرات، کاك جەلیلی گادانی لە سەر ڕابردووی پڕ لە سەروەریو کەسایەتیی بەرزی کاك عوسمان وتەیەکی پێشکەش بە بەشداران کرد. بە دوای ئەودا دوو پەیامی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و هاوسەری خۆشەویستی کاك عوسمان، خاتوو پەخشانی فەلسەفی لە لایەن بەڕێز کاك قادر وریاوە خوێندرایەوە.

پاشان ئەو کەسایەتییانەی خوارەوە پەیامی سەرەخۆشی و هاودەردییان پێشکەش کرد:

کاك حوسێن یەزدانپەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان،

پەیامی بەڕێز کاك عەبدوڵلای موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان،

کاك بابا شێخ حوسێنی، سکرتێری ڕێکخراوی خەباتی کوردستان،

کاك سەلاحی موهتەدی، پارتی دێمۆکراتی کوردستان، لێژنەی کۆیە،

یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی کۆیە،

کاك عوسمانی حاجی مەحموود

پاشان پەیامی بنەماڵەی ڕەحیمی و فەلسەفی لە لایەن بەڕێز کاك کەماڵی کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و یاری دێرین و وەفاداری کاك عوسمانی ڕەحیمی پێشکەش کرا. ڕێورەسمەکە بە وتەیەکی بەڕێز کاك مستەفا مەولوودی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کورستان کۆتایی پێهات کە تێیدا لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە سپاسی هاودەردی و هاوخەمیی میوانان و بەشدارانی ڕێورەسمی بە خاك سپاردن و پرسەی نەمر عوسمانی ڕەحیمی کرا.

جێگای ئاماژەیە کە نوێنەری کاك عوسمانی حاجی مەحموود، وەزیری ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، خاتوو کوردە عومەر، قایمەقامی شاری کۆیە، دوکتور خدر مەعسووم، سەرۆکی زانکۆی کۆیەو شاندی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران، بەشداری کۆڕی ماتەمینی کاك عوسمانی ڕەحیمی بوون.

پێویستە بگوترێ بە بۆنەی کۆچی بێوادەی هاوڕێ عوسمان ڕەحیمییەوە ژمارەیەکی زۆر لە هێزو لایەنو ڕێکخراوە کوردییەکان پەیامی پرسەو سەرەخۆشییان تێکۆشەرانو ئەندامانی حیزب لە دەرەوەو لە نێوخۆی وڵاتەوە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە بۆ حیزبی دیموکراتو بنەماڵەی سەربەرزی کاك عوسمان ناردوە. خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان" ئاگادار دەکەینەوە کە چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پوختەیەك لەو پەیامانە لە نامیلکەیەك دا بڵاودەکاتەوە.



# بەیاننامە

## هاوپێوەندیی جێی شانازی بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر عوسمان ڕەحیمییەوە

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
هێزو ڕێکخراو کەسایەتییە تێکۆشەرەکان!
تێکۆشەران! ئەندامانو دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

١٠ ڕۆژ دوای کۆچی لە ناکاوو بێوەختی هاوڕێی خۆشەویست عوسمان ڕەحیمی، خەباتکاری دێرینی دێموکراتو ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هاوپێوەندیی کەم وێنە لە گەڵ حیزبی ئێمە لە نێو خۆی کوردستانو دەرەوەی وڵات هەر وا بەردەوامە. بەشداریی بەرینی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتو ڕێکخراوو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو چەندین هەیئەتی پایە بەرزی حیزبە کوردستانییەکان لە ڕێورەسمی بە خاك سپاردنو سەرەخۆشیی ئەم کەسایەتییە خەباتگێڕەدا جیلوەیەکی شیاوی شانازی لەو هاوپێوەندییە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بوو.

لەم ماوەیەدا، لە نێوخۆو سەرانسەری کوردستانەوە، هەروەها لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهانەوە بە سەدان ئیمەیل، نامە ، تەلەفونو وتار بە ڕێبەریو نوێنەرایەتییەکانو ڕاگەیەنەکانی حیزب گەیشتوون. لە هەمووی ئەو پەیامو نامانەدا، کۆچی دوایی عوسمان ڕەحیمی بە خەسارێك بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناوبراوەو بە ڕێزەوە ئاوڕ لە خەباتو تێکۆشانی بێوچانی ئەم ڕۆڵە بە نرخەی کوردستان لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی حیزبەکەیو نەتەوەکەی دا دراوەتەوەو، بەم بۆنە دڵتەزێنەوە هاوخەمیو هاوبەشی لە گەڵ حیزبی دێموکراتو بنەماڵەکەی پێشان دراوە.

بێجگە لە کوردستان لە چەندین وڵاتی دیکەی جیهان، مەجلیسی پرسەو یادکردنەوەو ڕیزگرتن بۆ هاوڕێی جوانە مەرگ عوسمان ڕەحیمی بەڕێوە چوون یا لە ڕۆژانی داهاتوو دا بۆی پێکدێ. لەو ڕێو ڕەسمانە دا کە لە سوید، فینلاند، بریتانیاو نۆرویژ تا ئێستا بەڕێوە چوون، ئەو هاوپێوەندییەی لە کوردستان دیتمان، جارێکی دیکە دووپات بۆتەوە. کوردەکانی ئەو وڵاتانە بێ وەبەرچاو گرتنی جیاوازیی فیکریو سیاسیو بەستراوەیی ڕێکخراوەیی، بە گەرمی لەم ڕێورەسمانەدا بەشدار بوون.

زۆر کەسایەتی سیاسی، ڕۆشنبیرو کۆمەڵایەتیو، بەرپرسانو نوێنەرانی زۆربەی حیزبو ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردو کوردستانییەکان وتارو پەیامی هاودەردییان پێشکێشی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بنەماڵەی ماتەمباری نەمر عوسمان ڕەحیمی کردوەو لە خەمو ماتەمی لە دەستچوونی ئەو هاوسەنگەرە بە نرخەدا لە گەڵمان بوون بە شەریك.

ئەم هاوپێوەندییە بەرینو کەم وێنەیە بەر لە هەموو شتێك نیشاندەری ئەمەگناسیو پێزانینی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە خەباتکارێکی ماندوویی نەناسو خزمەتکارێکی سادقی ئامانجە پیرۆزەکانی خۆیانە. نەتەوەکەمان جارێکی دیکە نیشانی دایەوە ڕۆڵە تێکۆشەرو دڵسۆزەکانی لە نێو فرمێسكو خۆشەویستیی خۆی دا ڕەوانەی مەنزڵگەی ئەبەدی دەکاو بە سادەیی بە لای مەرگیان دا تێپەڕ نابێ.

ئەم هاوپێوەندییە، هەر لەو کاتەدا نیشاندەری گەورەیی کەسایەتیی عوسمان ڕەحیمیو خۆشەویستی بنەماڵەی بەڕێزی ڕەحیمییەکانی بانە بوو. خۆشەویستییەك کە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خزمەتو وەفاداری بە ئامانجەکانی کۆماری کوردستانو حیزبیدێموکرات کە ئەم بنەماڵەیە بە چوونە زیندان، دەربەدەری، خوێندانو گیان بەخشین لەم ڕێگایەدا، قوربانییان بۆ داوە. عوسمان ڕەحیمی هەروا کە لە نێو حیزبەکەی دا خۆشەویست بوو، لە نێو کۆمەڵانی خەڵكو لەلای حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسیو خەباتگێڕەکانی دیکەش ڕێزو حورمەتی تایبەتی هەبوو. ئەمەش دەگەڕایەوە سەر ئەو پێوەندییە سالمە کە هاوڕێی نەمرمان لە سەر بناغەی ڕوانینێکی نەتەوەییو دێموکراتانەو ڕێزلێنانی دوو لایەنەو کامڵبوون لە باری فکریو سیاسییەوە، لە گەڵ ڕێکخراوو کەسایەتییەکانو خەڵك بە گشتی دا هەیبوو.

گومانی تێدا نیە خۆشەویستیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو ڕۆڵو نەخشی تێکۆشەری بەئەزموونو شارەزای وەك عوسمان ڕەحیمی لەم حیزبە دا، لەم هاوپێوەندییەدا جێگای تایبەت بە خۆی هەیە. حیزبێك کە سیمای خۆشەویستو خەباتکاری بە توانای وەك عوسمان ڕەحیمی لە داوێنی خۆی دا پەروەردە بکاو، ڕۆڵە سادق، دێموکراتو تێگەیشتوو، خەڵکیو مرۆڤدۆستەکانی وەك عوسمان ڕەحیمی بەڕێوەبەر، ڕێکخەر، ناسێنەرو نوێنەری بنو، هەزاران شۆڕشگێڕو تێکۆشەری دەیان ساڵەو بە ئەزموونو خۆبەختکەری لە ڕیزی خۆی دا کۆ کردبێتەوە، هێزە سیاسییەکانو کۆمەڵانی خەڵك لە خۆیانو بە هی خۆیانی دەزاننو لە خۆشیو ناخۆشی دا پشتی دەگرن.

لە هەمووی ئەمانە سەرنج ڕاکێشتر کە لەم هاوپێوەندییە بەرینە بە بۆنەی مەرگی تاڵی عوسمان ڕەحیمییەوە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانو بنەماڵەی هاوڕێی نەمرمان دا خۆی دەرخست، شوعوری بەرزی نەتەوەیی، سیاسیو کۆمەڵایەتیو زاڵبوونی گیانی بەرپرسایەتیو هەست کردن بە پێویستیی هاوپشتیوهاوکاری لە نێو ڕێکخراوو کەسایەتییە سیاسیو ڕۆشنبیرو تێکۆشەرەکانیدا بوو. بۆ گیانی پاکی عوسمان ڕەحیمی مایەی خۆشحاڵیو ئاسوودەییو، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان مایەی شانازیو سەربەرزییە کە ئەم کۆچە بێوەختەی ئەوو ئەم کۆستە گەورەیەی حیزبەکەی بووە بە دەرفەتێك بۆ هاتنە گۆڕی بانگەوازی یەکیەتی، هاوکاریو لێك نزیکبوونەوەو پێویستیی بە خۆدا چوونەوە لە نێو حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتییە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرامبەر بەو هاودەردیو هاوپێوەندییە پڕ واتایە سەری ڕێز دادەنوێنێو لە قووڵایی دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوو کەسایەتیو مرۆڤە بەڕێزانە دەکا کە لە خەمی گەورەی لە دەستدانی ڕێبەرێکی بە توانای وەك عوسمان ڕەحیمی دا هاوخەمیو هاودەردییان لە گەڵ ئەم حیزبەو بنەماڵەی کاك عوسمان دا کردوە. هەر لەم پێوەندییەدا ڕادەگەیەنین کە پەیامی پیرۆزی ئەم هاوپێوەندییە پڕ واتایەمان بە گیانو دڵ وەرگرتوەو هەوڵدانی بەرپرسانەو جیددی لە پێناوی نزیك بوونەوە، هاوکاریوهاوخەباتیی هێزو لایەنە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان دا بە ئەرکی خۆمان دەزانین. دڵنیاشین ئاواتی وەدینەهاتووی عوسمانی ڕەحیمیو دەیان گەورە تێکۆشەری دیکە کە لە دەربەدەریو دوور خراوەیی دا سەریان نایەوە، بە یەکگرتوویی، هاوخەباتیو تەبایی نێوان هەموو لایەنەکانی بەشدار لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دێتە دی.

نەمری بۆ ناوو یادی عوسمان ڕەحیمیو، بەرقەرار بێ ئاواتو ئامانجە پیرۆزەکانی عوسمانی جوانە مەرگو هەموو شەهیدانی کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١٣٨٦/٦/٣٠
٢١ سپتامبری ٢٠٠٧

**حیزبێك کە سیمای خۆشەویستو خەباتکاری بە توانای وەك عوسمان ڕەحیمی لە داوێنی خۆی دا پەروەردە بکاو، ڕۆڵە سادق، دێموکراتو تێگەیشتوو، خەڵکیو مرۆڤدۆستەکانی وەك عوسمان ڕەحیمی بەڕێوەبەر، ڕێکخەر، ناسێنەرو نوێنەری بنو، هەزاران شۆڕشگێڕو تێکۆشەری دەیان ساڵەو بە ئەزموونو خۆبەختکەری لە ڕیزی خۆی دا کۆ کردبێتەوە، هێزە سیاسییەکانو کۆمەڵانی خەڵك لە خۆیانو بە هی خۆیانی دەزاننو لە خۆشیو ناخۆشی دا پشتی دەگرن.**

**پەیامی پیرۆزی ئەم هاوپێوەندییە پڕ واتایەمان بە گیانو دڵ وەرگرتووە هەوڵدانی بەرپرسانەو جیددی لە پێناوی نزیك بوونەوە، هاوکاریوهاوخەباتیی هێزو لایەنە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان لەم بەشەی کوردستان دا بە ئەرکی خۆمان دەزانین.**

### ڕێورەسمی پرسەو سەرەخۆشی بەبۆنەی کۆچی ناوادەی کاك عوسمان ڕەحیمییەوە لە بەشێك لە وڵاتانی ئوروووپا






















**برووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران**

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین






**محەمەد عەلیزادە**

میوانی ئەمجارەیەی ئەم گۆشەیە، لاوێکی بە بەهرەی شۆرشگێرو فیداکارە کە وەك هەموو میوانانی دیکەی ئەم مەنزڵگەیە، هەر لە بەهاری ژیانو تەمەن دا، ماڵاوایی یەکجارییان لە ژیانو بنەماڵەو ئازیزانو نەتەوەو نیشتمانی خۆیان خواست، لە گەڵ ئەو مەرگە پر واتایەشیان دا نەمریو هەرمانیان بۆ ناوی خۆیان لە دەفتەری کاروانی شەهیدانی نەتەوەکەیان دا مسۆگەر کرد.

محەمەدی عەلیزادە، ساڵی ١٣٤٧ لە ئاوایی "سەقزلووی" ناوچەی فەرهاد تاشی بۆکان لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتایی هەر لەو دێیە دەست پێکرد. ساڵی ١٣٥٧ لە دێ را باریان کرد بۆ بۆکانو چەند ساڵێکی تر لە شار دەرسی خوێند. بەڵام بە هۆی دەستکورتیی بنەماڵە خوێندنی بۆ تەواو نەکرا. ساڵی ١٣٦٣ هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزب لە هێزی شەهید پێشەوا. ساڵی ١٣٦٤، دوای دیتنی دەورەی سەرەتایی فێرگەی سیاسی . نیزامی چووە هێزی بەیان. ساڵی ١٣٦٥ دەورەیەکی فێر بوونی زمانی کوردیو خوێندەوار کردنی نەخوێندەوارەکانی بینی. تا ساڵی ١٣٦٥ هەموو هاوریێ کەم سەوادو نەخوێندەوارەکانی فێری خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردی کرد. ساڵی ١٣٦٦ لە کلاسی "٤٠ ساڵ خەبات" دا بە نووسراوە رێزی لێگیرا. ئازایەتیو قارەمانەتیو چاو نەترسی بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم لاوە پێشمەرگەیان پێك دێنا. محەمەد هەم ئەوکاتە کە لە هێزی پێشەوا بوو، لە شەرەکانی ناوچەی گەورکی مەهابادو لە مەئمورییەت بۆ باشووری کوردستان دا نەترسیو ئازایەتیی خۆی سەلماندبوو. لە هێزی بەیانیش بە دەیان جار قارەمانەتیو نەترسیی خۆی سەلماندوە. لە دەست بەسەراگرتنی پێگەی هێزەکانی رێژیم لە لە بووگەبەسیو لە نێو بردنی گوردانی هێزەکانی رێژیم لە "نۆبار" دا بریندار بوو. نیشاندانی لێوەشاوەیی لە کاری نیزامی دا بوو بە هۆی ئەوە لە ساڵانی ٦٨، ٦٩و ٧٠ دا بکرێتە سەرپەل. ساڵی ١٣٧٢ بە سەر لك دیاری کرا. ١٣٧٢/٤/٢٥ لە سەر جادەی بانە . مەریوان لە گەڵ دەستەیەك لە پێشمەرگەکان کەوتنە کەمینو بە داخەوە محەمەد عەلیزادەو هاورێی پێشمەرگە ئەبوبەکر مەعروفی شەهید بوون.

محەمەد عەلیزادە هەر لەو کاتەدا کە وەرزشدۆستو وەرزشکار بووو بە یەکێك لە یاریکەرە باشەکانی تیمەکانی فووتباڵو والیباڵی هێزی بەیانو کومیتە شارستانی بۆکان دەژمێردرا، لاوێکی خەت خۆشو خۆشنووس بوو.

پۆستێرێك لەو رستەو شێعرە جوانانەی بە خەتی محەمەد رازا بوونەوە بەر لە شەهید بوونی ئەو لاوە لە گۆڤاری "لاوان"دا بڵاو بۆتەوە. بەداخەوە مەرگ مەودای پشکوتنی زیاتری بەهرەو توانا جۆراوجۆرەکانی پێ نەدا. بەو حاڵەش لە لای ئێمەی ناسیاوانو درێژەدەرانی رێگاکەیو دڵنیام لە نێو دڵی رۆڵە ئاگاکانی نەتەوەکەشیدا، محەمەدو هەموو لاوانی هاوچارەنووسی ئەو، نەمردوونو نامرن.

یادیان بەخێر

# پێشکێشە بە هۆزانوانی بەتوانا ماموٚستا جەماڵ

فەتاح کاویان

( ماموٚستا سوارە قەڵادزەیی)

بەبۆنەی بڵاو بوونەوەی چوارەمین دیوانی شێعری: سەمای عیشق لەسەر پشتی



شۆرە سواری شێعرو پەخشان
زادەی شاری کورد پەروەری
" قەڵای دووزێ"
دوژمنی بێرەحمو کورد کوژ
لە بیستنی هارەی هەوری شێعرەکانت
هەر وەك قانگەلاشکی بەربا
هەڵدەلەرزێ
ترسو خۆفو هەستی مردن
دەگیانو لەشی دەچزێ
ئەوانەش کە هەستی جوانی کورد پەرستی
گیانو دڵی داگرتوون
لە خوێندنەوەی شێعرەکانت
وەك دەروێشان حاڵەت دەگرن
لە خۆ دەچن، کت دەکەون، ئاوردەگرن
روحو گیانیان هەر وەك زوڵفی کچۆڵەی
یەگجار بەنازی شێعرەکانت
دەئاڵۆسکێنو دەلەرێن
بە شۆرە بای بلاوێنو هیوادەری شێعرەکانت
کچان، کورانی کوردستان
چەك لە سەر شان،
لە هەڵگوردو لە ئاگری، لە ئاویەر لە ئاربابا
لە تەرەغەو لەندی شێخان
لە کێلەشین، لە زمزیران
سەنگەر دەگرن
سینگی پڕ قینی دوژمنان
هەڵدەدڕن
سەردەمێك بوو بەهۆی ئازارو نەخۆشی
لە بەرز نەبوونی هاودەمێك، خەمڕەوێنێك
بێ دڵخۆشی
دڕداماوو هەناسە سارد، لە تاریکیی هۆدەی
رەشی یادەکانم، بە تەنیاییو دەستەو ئەژنۆ دادەنیشتم
ژەهری خەیاڵی تاڵو تیژ
کۆتری هەستی شادیو خۆشی لێ دەکوشتم
رێوەزمری پەژارەو خەم، هەر وەك ئاخوندی چاوچنووك
پیاڵەی شەڕابی شەیدایی لێ دەڕشتم
بەڵام کاتێك بۆتڵەکانی هەست بزوێنی
شێعرەکانتم بە دەست گەیشت
خەیاڵی رەش رەوینەوەو خەم نەماوە
مانگی چاردەی شادیو خۆشی
لەسەر لوتکەی بەرزی هیوام درەوشاوە
نەمامی هیواو هۆمێدم زیندوو بۆوەو،
بەغەمزەو ناز بۆی لەراوە.
بۆیە هەتاکوو ئەو رۆژەی نووری چاوو
هێزی ئەژنۆم بۆ دەمێنێ
کەس ناتوانێ خۆشەویستیی پڕ لە رێزت
لە ناو دڵم بشڵەژێنێ

فەتاح کاویان
٢٠٠٧/٨/٩

# شین

## بۆ مەرگی ناوەختی هاورێ عوسمان رەحیمی

ئەو چاوە کە سەرکەوتن لە تیرێژی دەبـــاری
خەم ئەمڕۆ چەمەرچۆپی دەکێشێ لە هەواری
پڕ خوێنە هەناوو دڵی قەندیلو دەچـــــۆڕێ
فرمێسکی خوڕی کـــانی لە لاپاڵو بنـــــاری
ئەستێرە بەدەم مەرگی بزەی مانگەوە دەگـــری
روون دیارە لە روخساری هەتاو رەنگی هەژاری
خەم لێرە سنووری نیە بۆ گـــــەشتو فڕینێ
وەك شا لە هەموو شوێنێ هەڵی داوە دەواری
شێواوو پەرێشانە بەهاری حەزی پەخشان
هێلانەیە بۆ حەسرەتو شین لێوی بەباری
سامانی وڵاتێکە لە نێو خەونی زەمەن دا
بەو حەسرەتو ئازارەوە ژاکاوە بەهاری
ئەژنۆی رەوەزی ئاگری لەرزیوە بەجارێ
سورکێو لە هەشی ناوە هەموو بەردو زناری
خۆ دەڕنێ بە ئازارەوە ئەو خامە خەمینەی
پشکووتوە ئازادی لە سەردێڕی وتاری

رەسووڵ سوڵتانی



# قەیران لە جەمسەری دەسەڵات دا

نووسینی: سابیر
و: سۆران شێرزاد

دوا بەدوای مردنی ئایەتوڵڵا مشکینی سەرۆکی بژاردەکانی رێبەری باس و خواسەکانی پشتی پەردە، هاشمیی رەفسەنجانی بە ٤١ دەنگ وەك سەرۆکی شووورای بژاردەکانی رێبەری هەڵ بژێردرا. ئایەتوڵڵا موئمینی کە لەگەڵ ئایەتوڵڵا شاهروودی (کەسێك کە ئەگەر رێبەر فەوت بکا وەك جێگری رێبەر باسی لێوە دەکەن) کەوتبوونە بەر یەك بە وەدەست هێنانی ٣٧ دەنگ (٦ دەنگی زیاتر) وەك جێگری سەرۆك هەڵ بژێردرا. لەو مەجلیسە دا باوکانی مەعنەویی توندو تیژیو رادیکالیزم وەك،، مسباح یەزدی، محەممەدی یەزدیو جەننەتیی تێدا بەشدارن.

ئەگەرچی دوو مانگ لەوە پێش کاتێك کە گوتاربێژی نوێژی هەینیی تاران، ئەحمەدی خاتەمی لە تریبوونی رەسمییەوە دەستی کرد بە تاریف کردن لە رەفسەنجانیو بێ‌رێزی بە کەسایەتییە شۆرشگێرانەکەی بە جۆرێك لە جۆرەکان بە جەفا زانی، چاوەدێرانی سیاسی گەیشتوونە ئەو ئەنجامە کە باشترین کەس بۆ سەرۆکایەتیی ئەو شوورایە، لەگەڵ پاراستنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستنی بەرژەوەندی نیزامە، رەفسەنجانییە.

بێگومان ئەو دیاریکردنە (بە پێی بۆچوونی هێندێك لە خاوەن رایانی سیاسی) بەر لە هەڵبژاردنی ئاشکرا لە سەکۆی مەجلیسی بژاردەکان دا لەگەڵ دژایەتیی بەرفراوانی باڵی رادیکاڵ لە دوو رەوت دا بەرەو رووی دەبێ ئەلف: حیزبوڵڵا بە سێ رەوتەوە، کۆمەڵەی بەرگری لە بایەخە ئیسلامییەکان، کۆمەڵەی "ایثار گران"ی شۆڕشی ئیسلامی، ئەنساری حیزبوڵڵا. ب: راستی سوننەتی کە لە سێ رەوتی ناسراودا لە بەشێك لە کۆمەڵگای رۆحانییەتی شۆڕشگێرو" موتلفە اسلامی"و "آبادگران"ی ئێرانی ئیسلامیدا سازمان دراون. بەڵام لایەنگریی لێبراوانەی خامنەیی بۆ ئەملاو ئەولا کاریگەریی خۆی هەبووە.

بەسەرنج دان بەوەی کە زۆرینەی زانایانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن لە هەڵبژاردنی دەورەی نۆیەمی سەرۆك کۆماریدا، خامەنەییو شووڕای نیگابان بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا جەننەتی، رەفسەنجانییان فیدای ئەحمەدینەژادی رادیکاڵو "مخلص"ی رێبەر کرد، بەڵام توندرەوییەکانی ئەحمەدینەژاد لە سەردەمی سەرۆك کۆماریو هەڵسو کەوتەکانی ئەو لە سڕینەوەی نیهادە سیاسییەکان لە بەڕێوەبەرانی نزیکی رەفسەنجانی بوو بە هۆی ئەوەی تا رێبەرانو راوێژکارانی بەرزی ئەو بۆراگرتنی باڵانس رەفسەنجانی بگەیەننە سەرۆکایەتیی مەجلیسی بژاردەکانی رێبەری. بە سەرنجدان بەوەی کە رەفسەنجانی (رەوتی کارگوزاران)یش لە باڵی راست دایە کە پێیان دەڵێن راستی مودێڕن، شەڕی نێوان ئەحمەدی نژادو رەفسەنجانی بوو بە هۆی کز بوونی باڵی راست (باڵی دەسەڵاتدار) بە رادیکالو میانەڕەوو مۆدێرنەوە لە بەرامبەر باڵی چەپ دا، کە لە گەمەی نێوان قۆڵەکان لە ئێراندا خوازیاری قورستر بوونی تای تەرازوو بە لای کۆماری دان تا ئیسلامیداو خوازیاری سازانی زیاتر لە گەڵ رۆژئاوادونو لە گوتاری سیاسی دا خوازیاری خۆپاراستن لە گوتاری رادیکالین لە سیاسەتی دەرەوەدا. ئەم هەلو مەرجە لە گەڵ مەبناکانی دو رەوت لە سێ رەوتی (راستی سوننەتی، حیزبەڵڵا). ناگونجێ. رەفسەنجانیش لە یەکەمین کۆبوونەوەداو لە یەکەم هەنگاو دا تەمەنی دەنگدەرانی کردە ١٨ ساڵ کە ئەحمەدینژاد کردبوویە ١٥ ساڵ تا بتوانێ لە هەڵبژاردنی نێوان دەورەیی مەجلیس کە لە مانگی رەشەمەدا بەرێوە دەچێ لە کارتێکەری پۆپۆلیستی ئەحمەدی نژاد کەم بکاتەوە. ئەگەرچی لە چاوپێکەوتنی رۆژی چوارشەممە رێبەر لە گەڵ ئەندامانی مەجلیسی بژاردەکان دا هەر چەند پشتیوانی بێ ئەملاو ئەولای خۆی لە ئەحمەدی نژاد راگەیاند، بە توندی مەجلیسی بژاردەکانی لە چوونە نێو قۆڵو دەستەبەندییەوە مەنع کردو لەم بارەیەوە رۆژنامە نووسانی ئاگادار کردەوە. بەڵام وا وێدەچێ تازە رقەبەرایەتیی نێوان قۆڵەکان گەرم بووە. ئەگەرچی لە روانگەی هێندێك کەسەوە رەفسەنجانی بە راسپاردەی رێبەرەوە گەیشتە ئەو پلەیە، بەڵام هێندێك لە چاوەدێرانی سیاسی باس لە نفووزی وی لە نێو چینە جۆراوجۆرەکانو بەڕێوەبەرانی بەرزی سیاسی دا دەکەن. بەر لەوەی ئەو بەر پرسایەتییە لە کەڕەمی رێبەر بزانن بە نیشانەی نفووزو دەسترۆیشتوویی رەفسەنجانی دەزانن. بە دانانی رەفسەنجانی لەسەر ئەو پۆستە، ناوبراویان لەوە ئاگادار کردەوە کە لە هاتنە مەیدان لە دەوری دەیەمی هەلبژاردنی سەرۆك کۆماریو رووبەروو بوونەوە لە گەڵ ئەحمەدی نژاد دا خۆ بپارێزێ. دیارە رەفسەنجانییش ئەمەی بەدڵە. بە مەرجێك کە بۆ راگرتنی باڵانسو هاوکێشیی دەسەڵات، پێش بە هاتنی نوێنەرانی دڵخوازی ئەو بۆ دەسەڵاتی یاسادانان (ئەنجومەنی شووورای ئیسلامی) نەگرنو قبوول بکرێت کە شووورای نیگابان لە رد کردنەوەی نوێنەرانی رەوتی رەفسەنجانی کەم کاتەوە. وا دیارە ئەو وەزعییەتە شەفافییەتێکی زیاتر بە رەوتەکانی نێو رێژیم دەبەخشێ.

بە سەرنجدان بەوەی گەرانەوەی حیزبوڵڵای رادیکال بۆ سەر لووتکەی دەسەڵاتی قۆڵی بەرامبەر، قەیران لە جەمسەری دەسەڵاتی سیاسی دا بگاتە لووتکە. چونکە رادیکالیستەکان هیچ جۆرە مەنتقێکی سیاسیو رێوشوێنو پرنسیپەکانی گەمەلی سیاسیان لە گەڵ قۆڵی بەرامبەردا قبوڵ نیەو دەسەڵات بە ملکی خۆیانو مافی خۆیان دەزانن.

هەروەك لە دوای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێستای شورای ئیسلامی ئایەتوڵڵا جەننەتی گوتاربێژی ئەو کاتی نوێژی هەینیی تاران رای گەیاند کە لە خەودا ئیمامی زەمانی دیوەو ئەو مەجلیسەی تەئید کردوە.




# ١١ی سێپتامبرو "پێك هێنانی رابوون"لە جیهانی سنعەتیدا

و. بۆ کوردی: ئامانج

رووداوی یازدەی سێپتامبری شەش ساڵ لەمەوبەر گەنگەشەو مشتومڕی زۆر لەسەر بووە. ئەم باسە رووبەرێکی بەرین دەگرێتەوە کە لە گێڕانەوەی چۆنیەتیی خولقانی ئەم رووداوەوە دەست پێدەکاو لە بیاڤی باندۆرەکانی ئەو لەسەر دنیای ئەمرۆکەو گرنگتر لەمانەش تەناهیی جیهانیدا درێژە دەکێشێ.

لە سالڤەگەری پەلامارە تێرۆریستیەکانی یازدەی سێپتامبر بۆ تاوەرە جمکەکانی ناوەندی بازرگانیی جیهانی لە شاری نیویۆرك، دوکتور رەسووڵ نەفیسی مامۆستای زانکۆو کۆمەڵناس لەم وتووێژەدا لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو رووداوەی خستۆتە بەرباس.

پ: دوای تێپەڕینی شەش ساڵ لە رووداوی یازدەی سێپتامبرو رووداوو دەرکەوتەکانی دوای ئەو، ئایا ئێستا دەتوانین بە روونی دەرکەوتەکانی ئەو روخساربەندی بکەین؟

و: بابەتێك کە دوای یازدەی سێپتامبر بۆ ئەوە دەبێ گرنگیی پێبدرێ، لە پلەی یەکەم دا " روانینێکی ئەمنییەتی"یە کە لە لایەن "جیهانی رۆژئاوا، جیهانی سنعەتی"یەوە گیراوەتەبەر کە ئەم روانینە ئەمنییەتیە تا رادەیەکی زۆر بۆتە هۆی سوانی دامەزراوەکانی دیموکراسی.

نیشانەی زۆر روونی ئەو روانینە ئەو یاسایانەن کە لە ولاتە یەکگرتووەکان دەیان پەژێنن کە ئەم یاسایانە دەستی دەوڵەتیان بۆ کۆنترۆڵی تەلەفۆنی کەسانی گومانلێکراوو هەروەها لەو بوارانەدا کە پێشتر لەبەر ئازادییو تەناهیی تاك (لە ئەمریکا) بیری لێ نەدەکرایە ئاوەڵا کردوە.

ئەم روانینە ئەمنییەتیەو سوانو داخورانی سنووردارییی هێندێك لە دامەزراوەکانی دیموکراسی لە جیهانی رۆژئاوادا دەبێ بە بەرهەمی هەر ئەم یازدەی سێپتامبرە بزانین. پرسێکی دیکە کە لە پەنای ئەمە شیاوی توێکارییەو ولاتە یەکگرتووەکانو ولاتانی دیکە (دوای رووداوی سێپتامبر) سەبارەت بەو وشیار بوونەتەوەو، لە راستیدا جۆرێك رابوونی لە جیهانی سنعەتیدا پێك هێنا، ئامادەییو بوونی ئەو هێزە بچووکانەیە کە دەتوانن بە هۆی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتیی نوێو هەروەها بەهۆی دیاردەی بەجیهانیبوونەوە، زۆر خەساری گەورە لە جیهانی مودێرن بدەن.

پێشتر جیهانی سنعەتیی رۆژئاوا نەیدەتوانی لایەنەکانو گرنگیی ئەم زیانانە تا ئەم رادەیە هەڵسەنگێنێ. ئەم رابوونە بووتە هۆی ئەوە کە لە رۆژئاوا جۆرێك روانینی دیکە لە جیهانی سێهەم دروست بێ. بۆ وێنە ئەم تێورییە نوێیەی بووش یان کۆنسێرڤاتیڤ(پارێزگار)ە نوێیەکان کە بە پێی ئەو دەبێ دیموکراسی لە جیهان دا پەرە پێبدرێ، بەرهەمی راستەوخۆی وشیاری سەبارەت بەو مەترسییانەیە کە تا رادەیەك بە هۆی نایەکسانیو هەژارییەوە زیادیان کردوەو بۆ بەرگرتن لە درێژە کێشانی ئەو جۆرەمەترسییانە بۆ سەر جیهانی سنعەتی سەربازپەروەردە دەکا. لە لایەکی دیکەوە دیاردەیەك کە بەداخەوە لە جیهانی رۆژئاوادا سەری هەڵ داوە، جۆرێك گیانی دژە ئیسلامیو لە پەنا ئەویش دا دژە موسوڵمانیە کە بە چەشنێکی بەرچاو لە پەرەگرتن دایە.

پ: لە نیشانەکانی گەشەی ئەم گیانی دژە ئیسلامییە لە جیهانی سنعەتیو لە نێو خەڵکی ئاسایی رۆژئاوادا کە بە وتەی ئێوە، لە راستیدا ئاکامی ئەو تێرۆریسمەیە کە بە ناوی "ئەڵڵاو ئیسلام"بەرێوە چووەو بەرێوە دەچێ دەتوانن ئاماژە بە وێنەیەك بکەن؟

و: بۆ وێنە لە هولەند یەکێك لە نوێنەرانی پارلمان خوازیاری ئەمە دەبێ کە چاپی کتێبی قورئان وەك کتێبێك کە هانی توندوتیژی

دەدا، بە تەواوی قەدەغە بکرێ. یان راگەیەنە دەستە راستییەکان بە تایبەت لە ولاتە یەکگرتووەکان هیچ پرینگانەوەیەك هێرش د... سەر ئیسلامو موسوڵمانان.



یان ئەگەر چاو لە ئورووپا بکەین هەڵبژێرانی سارکوزی بە سەرۆك کۆماری فەرانسە لە راستیدا یەکێك لە ئاکامەکانی روانینی دژە عەرەب ـ دژە ئیسلامی بوو. بەم هۆیەوە کە سارکوزی دەڵێ کە دەیهەوێ لە داهاتوودا بە شێوەیەکی لێبڕاوانە دژی ئەو رەوتی پشێوییە شارییانەی لە هاوینی ٢٠٠٥دا عەڕەبە ئەلجزایری ـ مەراکێشیەکان پێکیان هێنا بجووڵێتەوە.

پ: ژمارەیەك لە بیرمەندانی بیاڤی زانستی سیاسەتو کۆمەڵناسیی سیاسی، لە تیشك خستنە سەر ئەم رووداوە تا ئەو جێگایە چوونەتە پێشەوە کە لەو بڕوایە دان دەکرێ مێژووی جیهانی هاوچەرخ لە چوارچێوەی چەمکەکانو ترمینولۆژیی سیاسیدا بە دوو بەش "پێشو پاش" رووداوی یازدەی سێپتامبر دابەش بکەن. بە واتایەك ئەوان ئەو رووداوە بە نوختە گۆڕانێکی زۆر گرنگ لە چارەنووسی خەڵکی دنیای ئەم سەردەمەدا لە قەڵەم دەدەن. تۆ لەگەڵ ئەم روانینە دای؟

و: من بە راستی پرسی یازدەی سێپتامبر بەو رادەیەی کە (ئەوان) بەهای پێدەدەن بە گرنگ نازانمو پێم وایە یەکێك لە هۆکارەکانی گەورە نیشاندانی ئەم رووداوە ئەمەیە کە یازدەی سێپتامبر کەوتە نێو کایەکانو رەوتە سیاسییەکانو قۆڵە جۆراوجۆرە سیاسییەکان . بۆ وێنە لە ئەمریکا، قۆڵی راستی حیزبی کۆماریخواز - دەیانەویست بە شێوەیەکی بەربلاو لەم بابەتە کەڵك وەرگرن.

گومان لەوەدا نیە کە هەڵبژێرانی دووبارەی جۆرج بوش تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی گەورە نیشاندانی پرسی تێرۆریسمو مەترسییەکانی ئەوە. بەڵام لە کۆتاییدا ئەو شتەی لە جیهان دا شایانی گرنگی پێدانە چێ کردنە نەك رووخاندن بۆیە براوەی ئەو کەسانێکن کە خەریکن دروست دەکەنو دامەزراوە مەزنە داراییو سنعەتیو سوپاییەکان جێگیر دەکەن .

پ: لەگەڵ ئەمەش دا پێم وایە ناکرێ لە ئاست ئەم راستییەدا کە رووداوی یازدەی سێپتامبر تەنانەت باندۆری خۆی لەسەر چەمکە بنچینەییەکانی شارستانەتیی رۆژئاوا وەك "دیموکراسی"و "هەڵکردن" داناوە چاو بنوقێنین؟

و: راستە بەداخەوە (ئەم پرسەو دەرهاویشتەکانی) لەسەر هەڵکردن، قبووڵ کردنی دیترانو پشوودرێژییەك کە لە سەدەی هەژدەیەمو لە سەردەمی رۆشنگەرییەوە تا ئێستا لە کولتووری رۆژئاوادا بووە، باندۆری نەرێنیی، داناوە بەراستی وایە.

بەڵام لە پەنا ئەمەدا، بۆچوونی من ئەمەیە کە رەوتی تێرۆریسمو ئەم چەشنە کردەوانەی لە لایەن گرووپە بچووکە خراپکارەکانەوە ئەنجام دەدرێن، لە کۆتاییدا لەلایەن جیهانی رۆژئاواوە قبووڵ دەکرێن. بۆ وینە، بابەتێکی وەك بومەلەرزە کە دەبێ لەگەڵی هەڵ بکەین. بەڵام ئەمە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ سەر تەوەری خۆی، واتە دامەزراوەکانی دیموکراسیو کولتووری سیاسیی دیموکراتێك بە رادەیەك لەم ولاتانەدا بە هێزە کە سەرئەنجام ئەم رەوتە تێرۆریسیانە دەتوێنێتەوەو دەیا سڕێتەوە.

پ: لەو تووڕەییە شاراوەیەی بەشێك لە جیهانی نەریتی لە بەرامبەر جیهانی سنعەتیدا نیشانی دەدا چ شتێك دەمێنێتەوە؟ بە واتایەك یارییەك بە قازانجی کامیان تەواو دەبێ؟

و: من وای نابینم کە بە زوویی ( لە کورت ماوەدا) ئەم پرسە چارەسەر بێ‌و دیارە لە لایەکیشەوە ئەمەش نابینم کە (هێزی) رەوتی تێرۆریسم بگاتە ئاستێك کە تا رادەیەکی زۆر دامەزراوە گرنگە دیموکراتیکەکانو کولتووری دێموکراسی ریشەکێش بکا.

کەواتە من وا بیر دەکەمەوە کە دۆڕاوی کۆتایی "بیرۆکەی رووخێنەر"ە. هەروەك کە میشل فۆکۆ فیلسوفی تێوری گەلی پێوەندیدار بە "هێزە"وەو ئەم بابەتەی بە وردی ش کردۆتەوە، لە کۆتاییش دا دامەزراوەکانو گوتاری "هێز"ە کە (لەم رەوتە جیهانییەدا) دوا قسە دەکا.

وەرگیراو لە ماڵپەڕی: radio farad

# به‌ڕێوه‌چوونی چواره‌مین فستیڤاڵی منداڵانی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان

ئا: ب. نیان





كاتژمێر ٥ی ئێواره‌ی ڕۆژی ١٨ی خه‌رمانانی ١٣٨٦ی هه‌تاوی، به‌رنامه‌كانی چواره‌مین فستیڤاڵی منداڵانی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان له‌ سالۆنی گشتیی ڕێوره‌سمه‌كانی حیزب له‌ قه‌ڵا ده‌ستی پێكرد.

فستیڤاڵ به‌ به‌شداریی سه‌دان منداڵی بنه‌ماڵه‌كانی نێو كه‌مپه‌كانی حیزبی دێموكراتی كوردستان‌و به‌ هاوڕێیه‌تیی ئه‌ندامانی بنه‌ماڵه‌كانیان‌و هه‌روه‌ها به‌ به‌شداریی ده‌یان منداڵی میوان له‌ شاری كۆیه‌و نوێنه‌رانی ژماره‌یه‌ك له‌ ڕاگه‌یه‌نه‌ گشتی‌یه‌كانی باشووری كوردستان و له‌ نێو شادی‌و تریقه‌ی پێكه‌نینی منداڵان دا به‌رنامه‌كانی ڕۆژانه‌ی خۆی ده‌برده‌ پێش.

چواره‌مین فستیڤاڵی منداڵانی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان به‌ دروشمی "لێم گه‌ڕێن وه‌ك خۆم بژیم"و به‌ وته‌یه‌كی كورتی عه‌لی بداغی، به‌رپرسی دنیای منداڵان‌و به‌ڕێوه‌به‌ری فستیڤاڵ ده‌ستی پێكرد. به‌رنامه‌ هونه‌ری‌یه‌كانی یه‌كه‌م ڕۆژی فستیڤاڵ بریتی بوون له‌ شانۆی دیواره‌كه‌ی دارستان، گۆرانیی مامۆستا گیان لێم مه‌ده‌، هه‌ڵپه‌ڕكێی گرووپی هه‌تاو، گۆرانیی په‌پووله‌ی خۆشه‌ویستم، پێشبڕكێی ته‌نزی مۆز خواردن له‌ نێوان منداڵانی ته‌مه‌ن ٦ساڵ، گۆرانیی ئێمه‌ی منداڵ شیرینین، شانۆ شێعری برا بژین برایی، هه‌ڵپه‌ڕكێی گرووپی موكریان، گۆرانیی كۆتر.



له‌ دووهه‌م ڕۆژی فستیڤاڵیش دا منداڵانی به‌هره‌مه‌ندی به‌شدار چه‌ندین تابلۆی هونه‌ریی جوانیان پێشكێشی ئاماده‌ بووان كرد. شانۆی هێمن كوڕی مردووشۆڕو گۆرانیی كۆلكه‌ زێرینه‌ دوو دیمه‌نی سه‌رنجراكێشی ده‌سپێكی دووهه‌م ڕۆژی فستیڤاڵ بوون. پاشان شاعیری منداڵ، تریفه‌ سادقی(ترێ بۆكانی) كه‌ له‌ هه‌ولێره‌وه‌ بانگهێشتی فستیڤاڵ كرابوو، چه‌ند كۆپله‌ شێعرو چیرۆكێكی خۆی بۆ به‌شدارانی فستیڤاڵ خوێنده‌وه‌ كه‌ له‌گه‌ڵ پێشوازیی گه‌رمی ئاماده‌ بووان به‌ره‌وروو بوو.

به‌رنامه‌ هونه‌ری‌یه‌كانی دیكه‌ی دووهه‌م ڕۆژی فستیڤاڵ بریتی بوون له‌: هه‌ڵپه‌ڕكێی گرووپی هه‌نار، گۆرانیی ئه‌ی پشیله‌ی ڕه‌نگینم، خوێندنه‌وه‌و دیكله‌مه‌ی شێعر به‌ به‌شداری ١٤ منداڵی به‌هره‌مه‌ند، سروودی منالی كوردین، پێشبڕكێی ته‌نزی پفه‌ك خواردن له‌ نێوان منداڵانی سه‌روو ٧ ساڵ‌و هه‌ڵپه‌ڕكێی گرووپی په‌پووله‌.

له‌ كاتێكدا منداڵانی به‌شدار له‌ فستیڤاڵ خۆیان بۆ سێهه‌م ڕۆژو كۆتایی فستیڤاڵ ئاماده‌ ده‌كرد، هه‌واڵی كۆچی دوایی كتوپڕی كاك عوسمان ڕه‌حیمیَ، بنه‌ماڵه‌و هاوڕێیان‌و منداڵانی كه‌مپه‌كانی حیزبی دێموكراتی كوردستان نوقمی په‌ژاره‌و ماته‌مین كرد.





هه‌ر به‌ هۆی ئه‌م ڕووداوه‌ دڵته‌زێنه‌وه‌ به‌رنامه‌كانی سێهه‌م ڕۆژی فستیڤاڵ بۆ چوار ڕۆژ دواتر دوا خرا.

كاتژمێر ١٠ی به‌یانیی ڕۆژی هه‌ینی ٢٣ی خه‌رمانان به‌ڕێوه‌به‌ریی فستیڤاڵ دوایه‌مین ڕۆژی فستیڤاڵی به‌ به‌شداریی منداڵانی كه‌مپه‌كانی حیزب به‌ڕێوه‌برد.

له‌و ڕێوره‌سمه‌دا كه‌ بڕگه‌ شادوهونه‌ری‌یه‌كانی سێهه‌م ڕۆژی فستیڤاڵ له‌به‌ر كه‌شی ماته‌مینی كۆچی كاك عوسمان له‌ ڕیزی به‌رنامه‌كان وه‌لانرا بوون، سه‌ره‌تا په‌یامی به‌ڕێز مامۆستا عه‌بدوڵلا حه‌سه‌نزاده‌ به‌بۆنه‌ی به‌ڕێوه‌چوونی چواره‌مین فستیڤاڵی منداڵانی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان خوێندرایه‌وه‌. دواتر كاك عومه‌ر باڵه‌كی، ئه‌ندامی ده‌فته‌ری سیاسیی حیزب، په‌یامی ده‌فته‌ری سیاسی حیزبی به‌بۆنه‌ی به‌ڕێوه‌چوونی فستیڤاڵه‌كه‌وه‌ خوێنده‌وه‌.

دواتر خه‌ڵاتی سه‌ركه‌وتووانی فستیڤاڵ له‌لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌ریی فستیڤاڵه‌وه‌ به‌سه‌ر منداڵانی سه‌ركه‌وتوودا دابه‌ش كرا.

پێویسته‌ ئه‌وه‌ش بگوترێ كه‌ به‌ڕێوه‌به‌ری چواره‌مین فستیڤاڵی منداڵان هه‌ر له‌ پێشوازیی فستیڤاڵ دا له‌ ڕێكه‌وتی ٢٦ی گه‌لاوێژ ڕا تا ٥ی خه‌رمانان جامێكی وه‌رزشیی له‌ به‌شه‌كانی ڕاكردنی١٠٠ میتری خێرا، ڕاكردنی ٤٠٠ میتری خێرا، پێشبڕكێی گرووپی ته‌ناف كێشان‌و گوڵی بچووك دا به‌ڕێوه‌بردوو كه‌ له‌ ڕۆژی كۆتایی فستیڤاڵه‌كه‌دا سه‌ركه‌وتووانی ئه‌م جامه‌ وه‌رزشی‌یه‌ خه‌ڵات كران.

---

# منداڵانی كورد هیچیان له‌ منداڵانی جیهان كه‌متر نیه‌، ئه‌گه‌ر ئاوڕیان لێبدرێته‌وه‌و كاره‌كانیان به‌ هێند وه‌ربگیرێ

## (دیمانه‌یه‌ك له‌گه‌ڵ عه‌لی بداغی به‌ڕێوه‌به‌ری چواره‌مین فستیڤاڵی منداڵانی ڕۆژهه‌ڵاتی كوردستان)

**پ: مه‌به‌ست له‌ به‌ڕێوه‌بردنی فستیڤاڵه‌كه‌ چ بوو؟ ئایا ئامانجی دیاریكراوتان بۆ ئه‌م كاره‌ هه‌بوو؟**

و: فستیڤاڵ یه‌كێك له‌و چالاكی‌یانه‌ بوو كه‌ دنیای منداڵان ساڵانه‌ له‌ وه‌رزی پشووی هاوینی‌دا به‌ڕێوه‌یان ده‌باو به‌ڵێ چه‌ند مه‌به‌ست له‌ پشت به‌ڕێوه‌بردنی فستیڤاڵه‌كه‌ بوو. یه‌كه‌م: پڕكردنه‌وه‌ی كاته‌ به‌تاڵه‌كانی منداڵانی كه‌مپه‌كانی حیزب له‌ كاتی پشووی هاوینه‌، به‌ باشترین شێوه‌ی گونجاوی په‌روه‌رده‌یی، دیاره‌ ئه‌وه‌نده‌ی له‌ توانای به‌ڕێوه‌به‌ریی دنیای منداڵان دابووبێ. دووهه‌میان ئه‌وه‌ی كه‌ له‌و ژینگه‌ سالم‌و شادو پڕ له‌ گه‌شه‌یه‌دا كه‌ فستیڤاڵ خۆی دروستی ده‌كا، چه‌ندی بكرێ هه‌وڵ بۆ دۆزینه‌وه‌ی توانا و لێهاتوویی‌یه‌ تایبه‌تی‌یه‌كانی منداڵان بدرێ‌و دواتر بتوانرێ له‌ ئاستێكی به‌رزتردا پلان بۆ په‌روه‌رده‌و گه‌شه‌ پێدانی ئه‌و توانایانه‌ دابڕێژین.

سێهه‌م: په‌روه‌رده‌ كردن‌و به‌خشینی هه‌ستی متمانه‌ به‌ خۆ بوون به‌ منداڵانی به‌شدارو بارهێنانیان له‌سه‌ر چه‌مكی هاوكاری‌و كاری به‌كۆمه‌ڵ‌و گرووپی‌دا كه‌ بناغه‌ی هه‌ڵسووكه‌وت‌و ژیان له‌ كۆمه‌ڵگایه‌.

چواره‌م ئه‌وه‌ی كه‌ بتوانین فستیڤاڵ بكه‌ینه‌ ساباتێكی هه‌ر چه‌نده‌ گچكه‌ش تا له‌ سایه‌ی ئه‌م ساباته‌دا منداڵان هه‌ستی خۆشه‌ویستی‌و دۆستایه‌تی‌یانی تێدا به‌ هێزتر بكه‌ن‌و له‌ كه‌شی سالمی فستیڤاڵه‌كه‌دا منداڵان فێری كێبه‌ركێ‌و ڕیقابه‌ت‌و ململانێی سالم به‌بێ گرژی‌و توندی ببن.

دواتر ئه‌وه‌ی كه‌ فستیڤاڵ سه‌لمێنه‌ری ئه‌و بۆچوونه‌ بێ كه‌ منداڵانی ئێمه‌ی كوردیش هیچیان له‌ منداڵانی نه‌ته‌وه‌ باڵا ده‌ست‌و گه‌لانی خوداپێداو كه‌متر نیه‌، به‌و مه‌رجه‌ی گرینگی‌یان پێبدرێ، بایه‌خ بۆ كارو چالاكی‌یه‌كانیان دابنرێ‌و ده‌رفه‌تی شیاوو گونجاویان بۆ خۆده‌رخستن‌و نواندن‌و داهێنان بۆ پێك بهێنرێ.

**پ: پێتان وایه‌ كه‌ مه‌به‌سته‌كانی دیاریكراوی خۆتان پێكابێ؟**

و: به‌شێكی زۆری به‌ڵێ. ئه‌وه‌نده‌ی بۆ پڕكردنه‌وه‌ی كاتی به‌تاڵی منداڵانی حیزب له‌ وه‌رزی هاوین دا ده‌گه‌ڕێته‌وه‌، ئێمه‌ توانیومانه‌ به‌ ئاماده‌ كاری‌و به‌ڕێوه‌بردنی جامی وه‌رزشیی فستیڤاڵه‌كه‌و ماوه‌ی مانگێك ڕاهێنانه‌ هونه‌ری‌یه‌كانی فستیڤاڵ ئه‌و كاته‌ به‌تاڵانه‌ی منداڵانمان به‌شێوه‌یه‌كی تا ڕاده‌یه‌ك باش پڕكردبێته‌وه‌.

هه‌روه‌ها له‌م فستیڤاڵه‌شدا كه‌ درێژه‌ی فستیڤاڵه‌كانی یه‌كه‌م‌و دووهه‌م‌و سێهه‌مه‌ توانیومانه‌ زۆر چێهره‌ی نوێ‌و منداڵی به‌توانا له‌ بواری هونه‌ری‌و ئه‌ده‌بی‌و وه‌رزشی دا بدۆزینه‌وه‌ كه‌ هیوادارم بتوانین به‌ یارمه‌تیی هه‌موومان بوار بۆ گه‌شه‌ كردنیان له‌ هۆگری‌یه‌كانی خۆیان دا بڕه‌خسێنین. سه‌ركه‌وتن له‌ گه‌یشتن‌و پێكانی ئامانجه‌كانی دیكه‌مان ڕێژه‌یی‌یه‌و ئه‌من وه‌ك خۆم له‌ منداڵانی به‌شدارو به‌رنامه‌كانی فستیڤاڵ ڕازی بووم.



**پ: جیاوازیی نێوان چواره‌م فستیڤاڵ‌و فستیڤاڵه‌كانی پێشووی دنیای منداڵان چ بوو؟**

و: به‌ڕێوه‌به‌ریی چواره‌م فستیڤاڵ، به‌ڕێوه‌به‌ریی سێ فستیڤاڵی پێشوو بوو به‌هه‌ر هه‌مان ئامانجه‌ گشتی‌یه‌كان‌و به‌ هه‌ر هه‌مان ئه‌ندامانی به‌ڕیچوه‌به‌ریی فستیڤاڵه‌كانی پێشوو به‌ڵام ئه‌وه‌ی ئه‌م فستیڤاڵه‌ی له‌ فستیڤاڵه‌كانی پێشووتر جیا ده‌كراوه‌ ئه‌وه‌ بوو كه‌ له‌ چواره‌م فستیڤاڵ دا پتر گرینگی به‌ كه‌یفییه‌ت‌و چۆنیه‌تی به‌رنامه‌كان درا بوو، نه‌ك كه‌میه‌ت‌و ژماره‌ی به‌رنامه‌كان. به‌رنامه‌ هونه‌ری‌یه‌كانی فستیڤاڵ هه‌ر هه‌موویان نوێ‌و داهێنان‌و به‌رهه‌می خودی دنیای منداڵان‌و بۆ یه‌كه‌مجار بوو كه‌ ده‌چوونه‌ سه‌ر به‌رزه‌كی شانۆ.، هه‌موو گۆرانی‌یه‌كان، سروووده‌كان، شانۆكان‌و ........ به‌رهه‌می نوێ‌و داهێنانی به‌ڕێوه‌به‌ریی فستیڤاڵ بوون‌و بۆ یه‌كه‌مجار بوو كه‌ پێشان ده‌دران.

**پ: دروشمی سه‌ره‌كیی فستیڤاڵ، "لێم گه‌ڕێن وه‌ك خۆم بژیم" بوو. هۆی هه‌ڵگرتنی ئه‌م دروشمه‌ له‌لایه‌ن به‌ڕێوه‌به‌ریی فستیڤاڵه‌كه‌وه‌ چ بوو؟**

و: هه‌ڵگرتنی ئه‌م دروشمه‌ خۆی له‌ خۆی‌دا جیاوازیی دوو دنیای لێك ته‌رای گه‌وره‌كان‌و منداڵان ده‌رده‌خا. دنیای منداڵان دنیایه‌كی شادو ڕازاوه‌یه‌، جوانه‌، بێگه‌رده‌، دژی كێشه‌و شه‌ڕو ئاژاوه‌یه‌، ساكاره‌، به‌ڵام گه‌وره‌كان له‌ پێناو ئه‌وه‌ی كه‌ ناویان ناوه‌ مولاحزاتی سیاسی‌و به‌رژه‌وه‌ندی، دێن ئه‌و دنیایه‌ له‌ منداڵان زه‌وت ده‌كه‌ن‌و به‌سه‌ریان دا ده‌یڕووخێنن، هه‌ر له‌ سایه‌ی ئه‌و ڕه‌فتاره‌ی گه‌وره‌كانه‌ كه‌ ئه‌مڕۆ به‌ میلیون منداڵ له‌ برسان ده‌مرن، له‌سه‌رمان هه‌ڵده‌له‌رزێن، له‌ گه‌رما ده‌پرووكێنه‌وه‌، وه‌به‌ر كار ده‌نرێن، له‌ خوێندن‌و په‌روه‌رده‌ بێبه‌شن، خه‌ونه‌كانیان ژێرپێ ده‌نرێ، توندو تیژی‌یان له‌گه‌ڵ ده‌كرێ‌و مافه‌كانیان ناسه‌لمێنرێ، له‌ حاڵێكدا پێچه‌وانه‌ی ئه‌وه‌و دابینكردنی دنیایه‌كی شادو ده‌سته‌به‌ریی هه‌موو مافه‌كانی منداڵان، ده‌بێ‌و مافی منداڵانه‌. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش هه‌ڵگرتنی ئه‌و دروشمه‌ كاریگه‌ریی له‌ ژینگه‌ی منداڵانی نێو كه‌مپه‌كانی حیزبیش وه‌رگرتووه‌كه‌ لێره‌ش گه‌وره‌كان نه‌یانهێشت وه‌ك خۆیان‌و به‌ ئاره‌زووی خۆیان بژین. منداڵان پاره‌كه‌و له‌ سێهه‌م فستیڤاڵ دا پڕ به‌ قوڕگیان هاواریان كرد كه‌ ئێمه‌ پێكه‌وه‌ جوانین، لێكمان مه‌كه‌ن، به‌ڵام كه‌س به‌ قسه‌ی ئه‌وانی نه‌كرد. ئه‌مجاره‌ش مه‌زلوومانه‌ داوا ده‌كه‌ن، تكا ده‌كه‌ن‌و ده‌ڵێن: لێمان گه‌ڕێن با وه‌ك خۆمان‌و به‌ دڵی خۆمان‌و به‌ ئاره‌زووی خۆمان بژین.





# هەلومەرجی خۆڵقاندنی کارەساتی میکۆنوس و ئاکامەکانی

مستەفا مەعرووفی

خوێنەرانی بەڕێز!
بە هۆی زۆربوونی ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیانیو هەروەها کۆچی ناوادەی کاک عوسمان ڕەحیمییەوە هەیە، لەم ژمارەیەدا ناتوانین لاپەرەی ئازاد بڵاوبکەینەوە.

تێروری دوکتور سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە ڕێستورانێکی شاری برلینی ئەڵمان لە کاتێك دا ڕوویدا کە هێشتا وڵاتانی ڕۆژئاوا هەستیان بە مەترسیی تێروریزم وەك بەڵایەکی نێونەتەوەیی کە ڕۆژێك بەرۆکی خۆشیان دەگرێ، نەدەکرد. هەرچەند کۆماری ئیسلامی ئێران پێشتریش کارنامەیەکی ڕەشی لە مێژووی نەیارانی خۆی لە نێوخۆو دەرەوەی سنوورەکانی دا هەبوو، بەڵام تا ئەو کاتەی لە سەرەتای سەدەی نوێدا ئەو تێروریزمە ئەمنو ئاسایشی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی ئەمریکای نەشێواند، نەك هەر لە دژی ڕانەوەستان، بەڵکوو لە بەرامبەر وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووریدا بێدەنگەیان لێدەکرد، وەك تێروری دوکتور قاسملووی نەمر لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩دا. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بوو کە کۆماری ئیسلامی تێروری دوکتور سادقی شەرەفکەندیی بەڕێوەبرد.

کۆماری ئیسلامی لە تێروری دوکتور قاسملووی نەمردا و هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی ئەم تێرورەو بێدەنگەی وڵاتی خانەخوێو وڵاتانی دیکەی ئورووپاییو ناوەندە بڕیار دەرەکان بۆی دەرکەوت لە تیرۆری ڕێبەرانی گەورەی کورد دا کۆسپێکی گەورەی لە پێشدا نیە. ئەزموونی ئەم تیرۆرەو چەند تیرۆری دیکە کە لە ئورووپا بەڕێوەی بردوون ئەم ڕێژیمەی زیاتر هان دا تا جارێکی دیکە ئەو زەبرە لە حیزبی دێموکراتو خەڵکی کوردستان بوەشێنێ. ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی باشوور لە ١٩٩١داو گرتنە دەستی چارەنووسی خۆیان بە دەست خۆیانەوە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی نیگەرانو هەراسان کردبوو کە ڕۆژێك ئەو سیناریۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دووپات ببێتەوە حیزبی دێموکرات ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینێکی ئەوتۆ بگرێتە دەست. ئەوەش هۆیەك بوو بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بێتە سەر ئەو باوەڕە دەستێکی دیکە لە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوەشێنێ کە هێشتا برینی لە دەستدانی دوکتور قاسملووی بە تەواوی لێ ساڕێژ نەببووە. تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانو قووڵبوونەوەی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دا کە دوای شەڕی ٨ساڵە لەگەڵ عێراق دەستیان پێ‌کردبوو، هەروەها سەرهەڵدانی دووبەرەکی لە نێو ڕیزەکانی ڕێژیم دا لەسەر دابەشکرانی میراتی خومەینیو دەسەڵاتی ئەو. لەو هەلومەرجەداو ڕێبەرانی ڕێژیم ترسیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە تایبەتی باشووری کوردستانو کاریگەریی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانو نەخشو ڕۆڵی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا هەبوو. لەگەڵ ئەمانەش دا لە سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاویدا شەپۆلێکی نوێ لە بیری ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەدی دەکرد کە زیاتر بوو بە هۆی نیگەرانیی ڕێژیم. کۆماری ئیسلامی ویستی لەلایەك بە تیرۆری ڕێبەرانی کورد پەردەی ناهۆمێدی بەسەر کوردستان دا بکێشێو لەلایەکی دیکەشەوە ئەو حیزبە لاوازتر بکا.



هەرچەند ئاکامەکانی ئەم تیرۆرە بۆ کۆماری ئیسلامی چاوەڕوان کراو نەبوو، چونکە باشترین پێوەندیی بازرگانیو دیپلۆماسیی لەگەڵ وڵاتی ئاڵمان هەبوو، بەڵام دادگای میکۆنووس کە سێ ساڵ دوای ڕووداوەکە بەڕێوەچوو تەواوی ئەو موعادیلانەی تێکدا. لەو دادگایەدا کاربەدەستانی پلەیەکی کۆماری ئیسلامی بە بڕیار دەری ئەو تیرۆرە ناسرانو لە قاو دران. هەرچەند ئەو تیرۆرە زیانێکی قەرەبوو نەکراوەی لە حیزب، خەڵکی کوردستان دا بەڵام جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتو مەسەلەی کورد لە سەرانسەری جیهان دا هاتەوە گۆڕێو تەپڵی ڕیسوایی بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لێدرا.

ئەم تیرۆرە شەپۆلێك لە هاودەردیی کەسایەتیو کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی لە سەرانسەری جیهان دا بە نیسبەت گەلی کورد لە نێو کوردیش دا بە نیسبەت بە حیزبی دێموکراتی وەڕێ خست.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی خەڵکی کوردی ڕاچڵەکاندو ڕەنگە یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی وشیاریی نەتەوەیی بێ کە ئێستا زیاتر بە هەر کاتێکی دیکە قووڵو بەرفراوانترە.

بەڵام لەگەڵ ئەمانەش دا شەهید بوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی خەسارێکی قەرەبوو نەکراوو برینێکی سارێژ نەبۆوە بوو کە وە حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کورد کەوت. ئەوە لە ماوەی سێ ساڵ دا بوو کە حیزبی دێموکرات دوو سکرتێری گشتیو دوو ئەندامی بەوەجی دیکەی کۆمیتەی ناوەندیی لە دەست دەدا. لەلایەکی دیکەش بەشێکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی بە ئەزموونو ناسراوی کورد پێشتر ڕیزەکانی خۆیان جیا کردبۆوەو لە سەنگەرێکی دیکەدا خەباتیان دەکرد. ئەم هەلومەرجە بەرادەیەکی زۆر ڕێبەریی حیزبی لاواز کردبوو. ئەگەر لە کاتی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمردا کەسێکی لێوەشاوەو بە بڕشتی وەك دوکتور سادقی شەرەفکەندی هەبوو کە توانی تا ڕادەیەك جێی بەتاڵی دوکتور قاسملووی زانا پڕ بکاتەوە. لە کاتی شەهید بوونی دوکتور سادقی شەرەفکەندی تەنیا یەکیەتیو یەکریزیو ئەقڵی بە کۆمەڵو ڕێبەریی هەرەوەزی دەیتوانی ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە، بەڵام کەسانێك لە نێو ڕێبەرایەتیی حیزبدا پێیان وابوو جێگەی بەتاڵی ئەو ڕێبەرانە بە یەکدەست کردنو پاوان کردنی حیزب لە بەردەستی چەشنی خۆیان دا پڕ دەبێتەوە. ئەو بۆچوونە کە بۆ ماوەی نزیك بە ١٠ ساڵ لە قۆڵی کەمایەتیی حیزب دا بە ئازادی خزمەتی بەبۆچوونەکانی خۆی دەکردو لەلایەن قۆڵی زۆرایەتییەوە ڕێزی لێدەنراو کاری پێ دەسپێردرا. بۆیە لە هەنگاوێکی گرینگ داو بە بڕیاری مێژوویی کۆنگرەی دەیەمی حیزب هەوڵی وەسەریەك خستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبو کۆکردنەوەی هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات لە دەوری یەكو یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کە یەکێك لە خەمەکانی د. شەرەفکەندی بوو، بە ئاکام گەیشت بۆ ئەوەی حیزب بە یەکپارچەیی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا. لە دوای کۆنگرەی ١٣ی حیزب دا کە ئەو کەمایەتییە لە ڕێبەرایەتیدا بوو بە زۆرایەتیو ڕەوتێکی پێچەوانەی لە حیزب دا دەستی پێ‌کردو ئەمڕۆ ئێمە لە حاڵێك دا لە ١٥ هەمین ساڵرۆژی تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی دا ڕێز لە یادو بیرەوەرییان دەگرین کە حیزبەکەی دوولەت بووە.

# بیوگرافییەکی کورتی شەهیدانی کارەساتی میکۆنووس



١٥ ساڵ لەمەوبەر، کاتژمێر ١١ی دوانیوەڕۆی ٢٦ خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) د. سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاحی عەبدولی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبو بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب لە ئورووپاو هۆمایونی ئەردەڵان بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئەلمان لە گەڵ دۆستێکی لە مێژینەی حیزب نووری دێهکۆردی لە ڕێستووڕانی میکۆنۆسی شاری بێرلین کەوتنە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیو شەهید کران. د.سادقی شەرەفکەندیو هاوڕێیانی لە حاڵێك دا شەهید کران تازە لە کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنالی سوسیالیست گەڕابوونەوە کە بۆ ئەو کۆنگرەیە بانگهێشتن کرابوون.

**د. سادقی شەرەفکەندی** لە ڕۆژی ٢١ی بەفرانباری ١٣١٦ی هەتاوی لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایك بوو. لە تەمەنی منداڵیی دا باوکی لەدەست داو سەرپەرستییەکەی کەوتە ئەستۆی براگەورەکەی، شاعیرو نیشتمانپەروەری گەورەی کورد، ماموستا هەژارە. دوکتور سادق پۆلی یەكو دووی سەرەتایی لە بۆکان خوێند. پاشان ماڵیان چووە مەهابادو لەوێ درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ئاخری دوا ناوەندیی لە تەورێز تەواو کردو ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩) لە "دانشسرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمی وەرگرت. د. سادق لەو ساڵەدا بۆتە مامۆستاو تا ساڵی ١٣٤٤ لە شارەکانی ورمێو مەهاباد ئەرکی ماموستایەتیی بەڕێوە بردووە. پاشان لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە بۆ شارەکانی ئەراكو کەرەج دوور خراوەتەوە. ساڵی ١٣٤٩ بۆ زانستگەی "تربیت معلم" نەقل کراوەو وەك ئاسیستانی بەشی شیمی کاری پێ ئەسپێردراوە. ساڵی ١٣٥١ بە کەڵك وەرگرتن لە بورسیەی خوێندنی وەزارەتی علووم چۆتە فەرانسەو پاش چوار ساڵ توانی دوکتورای شیمیی ئانالیز لە زانستگەی ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێ. ساڵی ١٣٥٥ هاتۆتەوە تارانو وەك مامۆستای یاریدەدەری شیمی لە زانستگەی "تربیت معلم" دا درێژەی بە کاری ماموستایەتی داوە. ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) لە پاریس لە ڕێگەی د. قاسملووی نەمرەوە بۆتە ئەندامی حیزب. ساڵی ١٣٥٨ (١٩٧٩) بۆتە ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزب. هەر لەو ساڵەدا لە کۆنگرەی ٤ی حیزب دا بۆتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی . ساڵی ١٣٥٩ هاتۆتەوە کوردستان. د. سادقی شەرەفکەندی لە هاوینی ١٣٥٩ دا بۆتە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبو لەو کاتەوە تا شەهید بوونی لە هەموو کۆنگرەکانی حیزب دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیو پاشان دەفتەری سیاسی هەڵ بژێردراوەتەوە. د. شەرەفکەندی لە ساڵی ١٣٦٥ ەوە تا کاتی شەهید بوونی د.قاسملووی نەمر لە ساڵی ١٣٦٨ دا جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بووە. دوکتور سادق دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بوو بە سکرتێری گشتیی حیزبو تا کاتی شەهید بوونیبلەو پەڕی لێوەشاوەییەوە ڕێبەریی حیزبی بەدەستەوە گرت.

**شەهید کاک فەتاحی عەبدولی**

ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە گوندی "وەزنێ"ی ناوچەی نەغەدە لە دایك بوو. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە پێش دا لە گوندەکەیو پاشان لە نەغەدە تەواو کرد. بە دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێرانو ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک فەتاح هاتە نێو ڕێزەکانی حیزبەوە. ساڵی ١٣٥٩ وەك کادرێکی تەشکیلاتی جێی خۆی لە حیزبی دێموکرات دا کردەوەو لە یەکەم کۆنفرانسی ڕێکخراوی شارستانی نەغەدەدا بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستان هەڵ بژێردرا. کاک فەتاح لەکۆنگرەی شەشەمی حیزب دا (١٣٦٢) بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵ بژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی شارستانی سنەی پێ ئەسپێردرا. لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب (١٣٦٤) دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵ بژێردراو تا کاتی شەهید بوونی لە کۆنگرەکانی ٨ و ٩ دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵ بژێردرایەوە. ساڵی ١٣٦٨ پاش شەهید بوونی د. قاسملووی ڕێبەرو کاک عەبدوڵڵا قادری ئازەر نوێنەری حیزب لە ئورووپا ئەرکی نوێنەرایەتی حیزبی لە ئورووپای پێ ئەسپێردراو تا کاتی شەهید بوونی ئەو ئەرکەی بە لێوەشاوەیی بەڕێوە برد.

**شەهید هومایوونی ئەردەڵان**

کوڕی موزەفەر سەلتەنەی ئەردڵانو لە بنەماڵەی "ئەردەڵان"ەکانی سەقزە. خوێندنی سەرەتاییو ناوەندیی لە سەقز تەواو کرد. ساڵی ١٣٥٦ لەزانستگەی سەنعەتیی تاران درێژەی بە خوێندن دا. ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) لە کاتی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران دا زانستگەی بەجێ هێشتو ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی هەڵ بژارد. پێش کۆنگرەی شەشەمی حیزب ئەرکی بەرپرسایەتیی کومیتەی "میراوێ"ی شارستانی سەردەشتی پێ ئەسپێردرا. لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب دا (١٣٦٢) بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب هەڵ بژێردرا. پاشان بە ئەندامی کومیتەی "ناوەندی ئاژوان"و پاشان وەك بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەقز دیاری کرا. لە کۆنگرەی ٧ دا بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی خۆی کاندید نەکردو ئەرکی جێگریی بەرپرسی نەخۆشخانەی "٢٥ی گەلاوێژ"ی بە ئەستۆوە گرت. پاش کۆنگرەی ٨ی حیزب لە ١٣٦٨ دا لەسەر ئیزنی حیزب چووە دەرەوەی وڵاتو تا کاتی شەهید بوونی وەك ئەندامێکی هەڵسوور ئەرکو کارە حیزبییەکانی لە وڵاتی ئەڵمان بەڕێوە برد.

*سەرچاوە: ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، ژمارە ١٩٠ ڕەزبەری ١٣٧١، ئۆکتۆبری ١٩٩٢*

# مافی ئینسانیی منداڵانی کچ

وەرگێڕان بۆ کوردی: کوێستان فتووحی

ڕاپۆرتێك لەسەر کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەکان لەبارەی هەلومەرجی کچان کە خانمی ئیلاهەی ئەمانی نووسیویەتی

خانمی ئیلاهەی ئەمانی، لێکۆڵەرو تێکۆشەری مافەکانی ژنان، بە نوێنەرایەتی لەلایەن "تۆری کولتووریی نێوان ژنان" (women Intercultural Network) لە کۆبوونەوەی بارودۆخی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو لە مێزگردێك دا کە لەبارەی بەردبارانو هەروەها مێزگردی "دامەزراوەی ئاشتیو دادپەروەری" ( Justice Instiute (For Peace& لەبارەی هەلومەرجی ژنانو کچان لە ئەفغانستانو ئێرانو بەربەرەکانیی مێژوویی ئەوان دا پێك هات، قسەی کرد. هەروەها ئیلاهەی ئەمانی لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەلایەن "تۆری کەلتووری نێوان ژنان" بەڕێوە چوو، لەسەر خەباتی ژنانی ئێرانو کەمپەینی یەك میلیۆن ئیمزا قسەی کردو سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ هەوڵو تێکۆشانی ژنانی ئێران بۆ وەدەستهێنانی مافی ئینسانیی خۆیان، ڕاکێشا.

کۆمیسیۆنی بارودۆخی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٤٦دا پێك هاتووەو هەموو ساڵێك کۆبوونەوەیەکی پێك هێناوە بۆ ئەوەی بابەتو مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنان بێنێتە بەر باسو ڕێنوێنییەکانی شوورا بە ئەندامەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان ڕابگەیەنێ.

ئامانجێکی دیکەی ئەو کۆمیسیۆنە وەدیهێنانی یەکسانیی مافەکانی ژنو پیاوو، منداڵی کچو منداڵی کوڕە.

لە ٢٦ی فێوریەی ٢٠٠٧دا زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس لە پەنجاویەکەمین کۆبوونەوەی بارودۆخی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە بنکەی ئەو ڕێکخراوە لە نیویۆرك بەشدارییان کرد تا یەکێك لە گەورەترین کێشەو گیروگرفتەکانی سەر ڕێی هێنانەدیی مافە مرۆییەکانی ژنانی لاوو منداڵانی کچ کە بریتییە لە جیاوازیی جۆراوجۆرو توندوتیژی لە دژی کچانو ژنانی لاو بێننە بەرباس.

ئەو کۆبوونەوەیە لەنێوان ٢٦ی فێوریە تا ٩ی مارس بەڕێوە چووو ئەگەرچی زیاتر لە سەدان کارگەی فێرکردن، وتار پێشکێش کردنو میزگرد لە ماوەی ئەو دوو حەوتوویەدا بەڕێوەچوون، بەڵام بابەتی سەرەکیی ئەو کۆبوونەوەیە "نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازیو توندوتیژییەك دژی منداڵانی کچ" بوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی وڵاتانی جۆراوجۆر هەر کامەیان پێشکەوتنەکانی خۆیان لە بواری سڕینەوەی جیاوازییەکانو کێشە شوناسییەکان کە لە سەرڕێی هاتنەدیی مافی ئینسانیی منداڵان، بەتایبەتی کچان کۆسپن، هاتنە بەرباسو هەوڵ درا ستاندارده نێونەتەوەییەکان جێگیر بن تا یەکسانیی جنسیەتی بێتەدیو هەلومەرجی پێشکەوتنی کچان لە دنیای ئەمڕۆدا پێك بێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا مەسەلەیەك بەتایبەتی جێگەی سەرنج بوو، ئەویش ئامادە بوونی زیاتر لە ٢٠٠ کچی لاو بوو کە بە بوونی خۆیان لە کۆبوونەوەکان داو بە پڕۆژە فیکریو بیروبۆچوونەکانی خۆیان لەبارەی ئەو جیهانەی لە حاڵی درووست بوونو لە چاوەڕوانیی داهاتووی ئەو لاوانە دایە، حاڵو هەوایەکی تایبەتییان دابوو بە کۆبوونەوەکان.

ڕۆژی ٨ی مارسیش مێزگردێك بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان پێك هاتو لەوێدا ئەو ستراتیژو تاکتیکانەی سەرکەوتوو بوونو بەرهەمیان هەبووە هاتنە بەرباس بۆ ئەوەی نوێنەرەکان بتوانن لەوانەوە فێربن تا لە ئاستی ناوچەییو نەتەوەیی وڵاتانی خۆیان دا سەرنجی بدەنێ.

### هەلومەرجی منداڵانی کچ، لە دنیای ئەمڕۆدا

لە هەموو جیهان دا زۆربەی منداڵانی کچ لە فێرکردنی سەرەتایی بێبەش بوونو ئیمکاناتی لەشساغیی پێویستیان بۆ دابین نەکراوەو دەکەونە بەر ئازارو ئەزیەتی جنسیو جیسمییەوە. کچان زیاتر لە کوڕانی هاوتەمەنی خۆیان دەکەونە ژێرباری چەوسانەوەی ئابووریو ئازاری جینسیو، بەنیسبەت کوڕان ڕێژەیەکی زۆر لە کچان، هیچکات ناگەنە تەمەنی گەورەساڵی.

هۆکارەکانی زۆریی مردنی کچان بەنیسبەت کوڕان لە جیهان دا، جۆراوجۆرن بەڵام بێگومان بەدخۆراکی، چەوسانەوەی ئابووری، سەرنج نەدان بە خواستو ئارەزووەکانیان، بە زۆر بەشوودان، نەبوونی ئیمکاناتی لەشساغیو بەزۆر داسەپاندنی دابونەریتو سوننەتی زیانبار وەك خەتەنە کردنی کچان، ئێیدز، دووگیانبوونی خێراو بەردەوام لە تەمەنی تازە لاویدا، نەبوونی پاكوخاوێنی لە کاتی منداڵبوون داو، لەباربردنی منداڵ لە شوێنە ناخاوێنەکان، لەو هۆکارانەن کە زۆرترین مردنو لەناوچوونی کچانی بەدواوەیە.

بێجگە لەو هۆکارانەی سەرەوە، باری قورسی هەژاری، گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو ئابووری لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا لەسەر شانی ژنانەو منداڵانی کچ بە توندی دەکاتە ئامانجی خۆی، زیانو زەرەرەکانی شەڕ کە بەردەوام کاریگەریی نیگەتیڤی لەسەر ڕێزو حورمەتی مافی ئینسانیی ژنان داناوەو ڕەهەندەکانی توندوتیژیی دژی ژنانی پەرەپێداوە، ڕێگە خۆشکەری ئەو پرسەیە کە لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستو یەکەم دا، منداڵانی کچ لەبیرکراوترین مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی نایەکسانو زەبرێکی زۆریان وێ دەکەوێ.

لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێکخراوی نەتەوەکان پێداگرییەکی تایبەتی لەسەر ئەو ئەرکە هەبوو کە تەواوی ئەو دامودەزگایانەی بە جۆرێك کاریگەرییان لەسەر ژیانی کچان هەیە، دەبێ بە هاوکاریی یەکتر هەوڵ بدەن بۆ سڕینەوەی پێشێل کارییەکانی مافی منداڵانی کچو، لە هەموو لایەکەوە هەوڵ بدرێ لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا دەبێ تەواوی ئیمکاناتی کۆمەڵگە لە بەشی تایبەتی، گشتی، دامودەزگا فێرکارییەکان، حکوومەت، ڕێکخراوە ناحکوومەییەکان، بنەماڵەو دامەزراوەکانی دیکە بەسیج بکرێن بۆ سڕینەوەی جیاوازی لەدژی منداڵانی کچ.

یەکێك لە ستراتیژە سەرکەوتووەکان لەو بوارەدا، بردنەسەری ئاستی ئاگایی گشتیی کۆمەڵگە لە بواری مافی ئینسانیی منداڵان بەتایبەت منداڵانی کچ دایەو فێرکردنو بارهێنان یەکێك لەسەرەکیترین ئامرازەکانی سڕینەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان لە دژی کچانە.



لە ڕێکەوتی ٢٥ی فێوریەدا، کۆبوونەوەیەك بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕێکخراوە ناحکوومییەکانو بەشداریی چالاکانەی یونیسێف (UNICEF) کە لە تالاری Farkas بەڕێوەچوو، بابەتی سەرەکیی ئەو کۆبوونەوەیە: "دەرخستنی کچان" ( Making girls visible) بوو.(٢).

لەو کۆبوونەوەیەدا لەسەر ڕۆڵی حکوومەت وەك دامەزراوێك کە دەتوانێ سیاسەتی بەرگێرەوە یا هاندەرانە لە بواری توندوتیژی دژی منداڵانی کچ دابنێ پێی لەسەر داگیرا منداڵانی کچ، توندوتیژی لە هەموو بوارە جۆراوجۆرەکانی بنەماڵەو کۆمەڵ دا تاقی دەکەنەوە.

مەسەلەی زیان پێگەیشتنی منداڵانی کچ بەهۆی توندوتیژییە بنەماڵەییەکان کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، نەبوونی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی کە هۆیەکی بەرگێڕەوەیە لە بواری دەستپێڕاگەیشتنی منداڵانی کچ بە سەرچاوە کۆمەڵایەتی، کاریو لەشساغییەکانو هەروەها زیانە ناوچەییەکان هاتنە بەرباس.

جگە لەمانە مەسەلەی قاچاغی منداڵان بەمەبەستی چەوساندنەوەی ئابووری بەتایبەتی منداڵانی کچ زیاتر بە نییەتی چەوسانەوەی جینسیو کویلەیی هاتە بەرباس. ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای لە دەوڵەتەکان کرد لە ڕێگای دانانی یاساو بەڕێوەبردنی یاساکە کۆتایی بە مەسەلەی قاچاغی منداڵان بەتایبەتی منداڵانی کچ بێنن.

هەروەها شوێنەواری ئەو زەبرانەی لە ناوچە شەڕ لێدراوەکان وەمنداڵان کەوتوون، بۆ وێنە ئەو کچانەی بەبێ داواو ئیرادەی خۆیان ڕفێندراونو خراونەتە بەر دەستی نیزامییەکان، هەژاریو بە تایبەتی ئەو منداڵە کچانەی کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدان، دەبێ زیاتر بخرێنە بەر سەرنجو پشتیوانیی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەو کۆبوونەوەیەدا هەروەها مەسەلەی دامەزراندنی بنیاتێکی تازە کە بە شێوەیەکی روون کارەکەی لەسەر مەسەلەی ژنانو کچان بێو لەگەڵ سێ ڕێکخراوی: سندووقی پەرەپێدانی ریچکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان (UNIFEM)، ڕێکخراوی باشترکردنی ژینگەو پەرەپێدان بۆ ژنان (WEDO)و DAW لە پێوەندییەکی نزیکتر دابن، هاتە بەرباس.

JuneZeitlin لە ڕێکخراوی باشتربوونی ژینگەو پەرەپێدان بۆ ژنان (WEDO) لە وتووێژێك لەبەرەبەری ئەو کۆبوونەوەیەدا بە "Presservice Newe Agency"ی گوت: "ئێمە هیواداریین کاتێك ژنان بە بۆنەی کۆبوونەوەی بارودۆخی ژنان لە سەرانسەری دنیاوە دێن لە نیویورك کۆدەبنەوە دەرفەتی ئەوەمان هەبێ بۆ ئەوەی سەرۆکی یەکەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نزیکەوەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم پێویستییە هەست پێبکاو ئەو دامەزراوە پێشنیارییەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەك هەر دەبێتە هۆی باشتر بوونی ژیانی ژنانو منداڵان، بەڵکوو بۆ هێنانەدیی ئامانجی پەرەپێدانی ئەو هەزارەیەو باشتربوونی ژیانی هەمووان پێویستییەکی گرنگە".

### مافی مرۆڤی منداڵان

مافی مرۆڤ پێویستییەکی جیهانییە هەموو مرۆڤەکان لەنێو ئەواندا منداڵانو لاوان خاوەنی مافی مەدەنی، سیاسی، ئابووریو فەرهەنگیین.

منداڵانو لاوان هەروەها بەهۆی کەمیی تەمەنیانەوە دەبێ لە مافێکی تایبەت کەڵك وەربگرن بۆیە دەبێ وەڵامی داوا تایبەتییەکانیان بدرێتەوەو پێویستیان بە یارمەتی تایبەتییش هەیە.

منداڵانی کچ بەشێوەیەکی تایبەتی زیاتر لە هاوتەمەنە کوڕەکانیان مافە ئینسانییەکانیان پێشێل دەکرێو مافی مرۆڤی منداڵانو لاوان لە کۆنوانسیۆنی مافی منداڵاندا کە یەکێکە لە پەیماننامە نێونەتەوەییەکان بە شێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا هاتووەو ١٩٦ وڵاتی دنیاش ئەو پەیماننامەیان ئیمزا کردوە. هەروەها مافی منداڵان لە زۆربەی پەیماننامەکانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکوو کونوانسیۆنی سڕینەوەی هەر چەشنە جیاوازییەك دژی ژنانو بەڵگەنامەکانی دیکەی جیهانیدا گونجێندراوە.

### مافی منداڵانی کچ ئەمانەی خوارەوەش دەگرێتەوە

– مافە مرۆییەکانی منداڵان لەبواری ڕزگاربوون لە هەر جۆرە جیاوازییەك کە لەسەر بناغەی جنسییەت، تەمەن، ڕەگەز، ڕەنگی پێست، زمان، ئایین، میللەتو یا هەر یەکێك بەستراوەییەکانی دایكو باوکی منداڵ بێ.

– مافە مرۆییەکانی منداڵان لەبواری دەستڕاگەیشتنی بەلانیکەمی ستانداردەکانی لەشساغیو دەستڕاگەیشتنی وەك یەکی هەموو منداڵان چ کچ چ کوڕ بە تەندروستیو ناوەندە لەشساغییەکان.

- مافە مرۆییەکانی منداڵان لە بواری دەستڕاگەیشتنی یەکسان بە خواردنو خۆراك (ژمارەی ئەو کچانەی ئامانجی بەدخۆراکین لە ژمارەی کوڕان زۆر زیاترە).

- مافە مرۆییەکانی منداڵان لە بواری ژیانو زیندوو بوونو سڕینەوەی هەر چەشنە ڕەوتێکدا کە پێوەندی بە هەڵبژاردنی ڕەگەزی کۆرپەلەوە هەبێ.

– مافە مرۆییەکانی منداڵان بەتایبەتی کچان لە بواری ڕزگار بوون لە هەر چەشنە ڕێوڕەسمێکی کولتووری، ڕێو شوێنو نەریتی دژ بە ژنان دا، بۆ وێنە خەتەنەو بڕینەوەی ئەندامانی جەستەیان.

- مافە مرۆییەکانی منداڵان لە بواری دەستڕاگەیشتن بە خوێندنی خۆڕاییو زۆرەملێی سەرەتاییدا، هەروەها دەستڕاگەیشتنی وەکیەکی کچانو کوڕان بە خوێندنی ناوەندیو بەرزو، ڕزگار بوون لە هەر جۆرە هەڵاواردنێك لە تەواوی ئاستەکانی فێربوون دا.

- مافە مرۆییەکان بەتایبەتی منداڵانی کچ لە باری دەستڕاگەیشتن بە زانیاری لە بواری لەشساغی، جنسییەتو دوو گیانی.

- مافە مرۆییەکان بەتایبەتی منداڵانی کچ لە بواری ڕزگار بوون لە هەموو ئەزیەتو ئازارێکی جەستەییو دەروونی.

– مافە مرۆییەکانی منداڵان بە تایبەتی منداڵانی کچ لە بواری ڕزگاربوون لە هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی ئابووری، جینسی، کڕینو فرۆشتنو لەشفرۆشیدا.

- مافە مرۆییەکانی منداڵان بە تایبەتی منداڵانی چ لە بواری ڕزگاربوون لە زەماوەندی زۆرەملیو پێشوەخت.

– مافە مرۆییەکانی منداڵان بە تایبەتی منداڵانی کچ لە بواری ئازادبوون لە دەربڕینی بیروڕا، بەشداری لەو بڕیارانەدا کە کاریگەریی لەسەر ژیانی ئەوان هەیە.

لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 470   22 Sep  2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، رۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
Email:
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٩٠١٦٥٨

www.radiokurdistan.net
Email:
dengikurdistan@ gmail.com   Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

# بەڕێوەچوونی سیمینارێك لەسەر رۆڵ و کەسایەتیی دوکتور سەعید



کاتژمێر ١٠ی سەرلە بەیانیی شەممە ٢٤ی خەرمانانی ١٣٨٦ی هەتاوی سیمینارێك لەلایەن بەرێز سمایل بازیار ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ رۆڵ و کەسایەتیی دوکتور سەعید لە یەکێك لە سالۆنەکانی سەربە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

کاك سمایل روانگەو بۆچوونەکانی دوکتور سەعیدی لەسەر ٣ تەوەری ناسیۆنالیزم، عەداڵەتی کۆمەڵایەتیو دەرك کردنی هەلومەرجی نوێو خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو هەلومەرجە بە وردی خستە بەرباسو ئاماژەی بەوە کرد کە دوکتور سەعید بە خوێندنەوەی واقیع بینانەی کۆمەڵگای کوردیو خۆ بەدوور گرتن لە هێژموونیی بیری چەپی کلاسیك لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ی ئێران داو هەروەها خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێی سەردەمی شکستی بلۆکی سۆڤیەت لە کۆتایی ژیانی دا، سەربەخۆیی فکریو سیاسیی خۆیو حیزبەکەی مسۆگەر کرد. پێویستە بگوترێ لەو سیمینارەدا ئەندامانی رێبەرایەتیو ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتو بنەماڵەکانیان بەشدار بوون.

# چوارەمین فستیڤاڵی منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان

# ( تاراوگە ) کۆتایی پێهات




فستیڤاڵی چوارەمی منداڵانی رۆژهەڵاتی کوردستان (تاراوگە) کە رۆژی ١٨ی خەرمانان دەستی پێکردبوو رۆژی ٢٣ی خەرمانان کۆتایی پێهات. لە رۆژی سێهەمی فستیڤاڵدا بەداخەوە کاك عوسمان رەحیمی کۆچی دوایی کرد و هەر ئەم رووداوە بوو بەهۆی وەستانی فستیڤاڵو لە ئاکام دا دوایەمین رۆژی کاری فستیڤاڵ کە بریتی بوو لە دابەشکردنی خەڵاتەکان، کەوتە رۆژی هەینی٢٣ی خەرمانان لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا رێپورتاژێکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە بخوێننەوە.

بەر لەماڵاوایی

# بەبۆنەی ماڵاوایی

# تاهەتایی کاك عوسمانی رەحیمییەوە

رێبوار کەریمی

رۆژی ٢٠ی خەرمانانی ئەم ساڵ، کاك عوسمانی رەحیمی تێکۆشەری ناسراوو خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان" بە جەستە" بەجێیهێشتین‌و بەکۆچی ناوادەی خۆی، لەم گەردوگوڵی پاییزەدا خەرمانانی کردین بە خەمباران.

هەرچەند مەحوی گوتەنی:

**"لە رۆژێ هەڵدڕا ئەم کۆنە خێمەی تان‌و پۆشینە**
**لە سایەیدا شەرابی بەزمی عوشرەت گریە جۆشینە"**

بەڵام لە یادی کۆچی ناوادەی ئازیزێکی وەك عوسمانی رەحیمی‌دا، چ بکەین ئەگەر نالی گوتەنی:

**"لەم دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە**
**دڵ وەختە بێ بە ئاوو بەچاوی بکا عبوور"...**

باسکردن لە عوسمانی رەحیمی تەنیا باس لە تێکۆشەرێك یان یادکردنەوەی خەباتکارێك نیە. عوسمانی رەحیمی لە مێژساڵ بوو بە شاهیدیی هەموو ئەوانەی لە دوورو نزیکەوە دەیاننناسی "دیاردە"یەك بوو لە نێو ریزی هاوسەنگەرانی‌دا. ئەگەر پێشمەرگە لە نموونەی ئیدئالی خۆیدا، مرۆڤێکی خەباتکاری ماندوویی نەناس، رەوشت بەرز، گەلویستو خۆنەویست بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە عوسمانی رەحیمی سەرتۆپی ئەو پێشمەرگانە بوو کە ئاوێنەی بالانوێنی پێشمەرگە بەتەواوی مانای فەلسەفی، سیاسی‌و ئیخلاقیی ئەو وشەیە بوو. دیارە گەورەیی عوسمانی رەحیمی بەرلەوەی پێوەندیی بە شوێنگەی شیاوی خۆی وەك ئەندامێکی لە مێژینەی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکراتەوە هەبێت، بە کەسایەتیی بەرزی ئینسانی‌و ئەو تایبەتمەندییە شەخسییانەیەوە گرێدار بوو کە ئەوی کرد بە مرۆڤێکی شیاوی خۆشویستن‌و پشت پێبەستن. هەڵبەت کاتێك ئەو تایبەتمەندییە بەرزە ئینسانییانە لەگەڵ ئیخلاقی پێشمەرگەیەکی ئیدەئالدا ئاوێتەی یەکتری بوون، ئیتر ئەو عوسمانی رەحیمی‌یەیان لێکەوتەوە کە وشەو تەعبیرە باوەکان عاجز بن لە وێنای تەواوی کەسایەتی‌یەکەی. عوسمانی رەحیمی ئەگەر لە جەرگەی خەباتی خوێناویماندا حورمەتی "ئینسان"ی لە بەرزی‌دا دەپاراست، وەکوو پێشمەرگەیەکی نەك هەر پڕاوپڕی کەسایەتی پێشمەرگەیەکی ئیدەئال بوو، بگرە دەبوایە پێوانە بەرزەکانی پێشمەرگەیەکیش ئیدەئال لە کارو رەفتاری ئەم هەڵبهێنجین.

بۆ عوسمانی رەحیمی "کار" نرخی راستەقینەی خەباتکارێکی دیاری دەکرد نەك پلەو پایە. ئەو، بەبێ ئەوەی ویستبێتی کەسمان تووشی عەزابی ویژدان بکا، هەر مرۆڤێکی بە ویژدانی لەبەرامبەر ئەو پرسیارەدا رادەگرت کە گەلۆ، سنووری بەرپرسیاریەتی‌یەکانی خەباتکارێك لە کوێ دایەو ئاستی لێپرسراویەتیی مرۆڤێك تا کوێ دەکرێ درێژ ببێتەوە. کاك عوسمان، بەبێ ئەوەی ویستبێتی وانەیەکمان بۆ دابدات، فێری کردین کە توانایيە تاکە کەسی‌یەکانمان زۆر لەوەی هەستی پێدەکەین زیاترن‌و، بەبێ ئەوەی ویستبێتی ماندوویی خۆیمان بە چاوان دا بداتەوە، پێی‌سەلماندبووین کە دەتوانین‌و دەبێ لە پێناوی بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی سەرشانماندا خۆنەویستتر، پڕکارترو ماندوویی نەناستر بین.

عوسمانی رەحیمی لە ئەزموونی ژیانی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا سەلماندی کە بۆ پێشمەرگەیەکی راستەقینە، ئەرکی سەردەمی راوەستانی خەباتی چەکداری لە ئەرکەکانی سەردەمی شەڕ، ئەگەر زۆرتر نەبن کەمتر نین. دەکرێ بڵێین کە یەکێك لەو هۆیانەی کەسایەتی‌یەکی تایبەتی‌یان بە عوسمانی رەحیمی بەخشیبوو، توانای خۆگونجاندنی ئەو بوو لەگەڵ زەروورەتەکانی سەردەمە جیاوازەکانی خەبات. ئەوەش لە فەرهەنگی ژیانی کاك عوسمان دا مانای خۆنەویستی‌یەکی بێ ئەملاوئەولا بوو لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانەی لە کەندولەندی خەباتی رزگاریخوازانەماندا دەکەوێتە ئەستۆی ناوبراو.

ئەگەر پێشمەرگە "تجسم"ی ئیرادەی گشتیی نەتەوەیەك لە پێناوی وەدیهێنانی ئازادیدا بێت، ئەوا زیادەرۆیی نیە ئەگەر بڵێین، عوسمانی رەحیمی نموونەی بەرزی ئەو ئینسانە ئیدەئالانەیە کە دەکرێ وەك بە جەستە بوونی "ویژدانی موعەززەب"ی نەتەوە لە قەوارەی پێشمەرگەیەکی روناکبیردا، ناوی بهێنین. عوسمانی رەحیمی پێشمەرگە بوو لە نموونەی هەرە بەرزی خۆی‌دا، ئەو چرایەك بوو بۆ شەوانی ژێردەستیی نەتەوەیەك، کە دەکرا متمانەی پێبکەیت‌و لەگەڵی‌دا بە دڵنیاییەوە هەورازو نشێوە سەختەکانی رێگای رزگاری ببڕیت.

**"ناوی پێشمەرگەت لە خۆت نا، ناوت چەند خۆشە برام**
**من لە خۆشیی ناوی تۆ بوو وەك چرایەك هەڵکرام"**

روو سووری لە بەجێگەیاندنی ئەو ئەرکە هەمە جۆرانە لە ماوەی نزیك بە سی ساڵاندا، بە کاك عوسمان ئەسپێردرابوون، هەر لە ئەرکی پێشمەرگەیەکی سادەوە بگرە تا فەرماندەری نیزامی، لە ئەرکی کادرێکی سیاسی‌یەوە بگرە هەتا بەرپرسایەتیی سکرتاریاو راگەیاندنی حیزب‌و گەلێك ئەرك‌و لێپرسراوێتی دیکە، بەر لە هەموو شتێك هێمای وشیاری‌یەکی بەرزو هەست بە بەرپرسیاری‌یەتکردنێکی قووڵ بەرامبەر بە نەخشی تاکە کەس لە بەرەوپێشبردنی رەوڕەوەی خەباتی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەمان دا بوو. کاك عوسمان ئەگەر هەموو وزەی بیرو جەستەی تاکە کەسیی خۆی تەرخانی خزمەت بە پرسە گشتییەکانی گەلەکەی کرد، هاوکات لە رێی ئەو هەموو کاریگەری‌و شوێندانانەی خۆیەوە، ئیعتیبارێکی دیکەی بە نرخ‌و نەخشی راستەقینەی تاکە کەس لە شۆڕشدا بەخشی. کاك عوسمانی رەحیمی لە مێژساڵ بوو ئەوەی نیشان دابوو کە تاکە کەسی وشیارو لێپرسراو، لە هەر گۆڕەپانێکدا بێت دەتوانێ لە تەنیشت بەشداری لە دروستکردنی مێژووی بە کۆمەڵدا مێژووی تایبەتی خۆشی بە جوانترین شێوە بنەخشێنێ. کاك عوسمانی رەحیمی لەو نموونە دەگمەنانە بوو کە بەباشی ئەو راستی‌یەی سەلماند، کە کاری بە کۆمەڵ بەرهەمی نابێت ئەگەر هەر تاکێك لەلای خۆیەوە زۆرترین مایە لە خۆی دانەنێ‌و زۆرترین ئەرکی مومکین نەگرێتە ئەستۆی.

پشت ئەستوور بە کارنامەی سەرکەوتووی خۆشی بوو کە، عوسمانی رەحیمی بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندی‌یە شەخسییەکان، پێی لەسەر پاراستنی پرێنسیپە ئیخلاقی‌و سیاسی‌یەکانی خەباتێکی دێموکراتیك دادەگرت‌و بەحەق دەتگوت لە وەسفحاڵی ئەودا بووە کە مەحوی وتوویەتی:

**"بە حەق هەر حەق بەناحەق ناحەقم وتوە لە رۆژێ بووم**
**وەکوو "مەنسوور"ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم"**

عوسمانی رەحیمی هەرگیز بۆ پاداش نەژیاو، حاشا ئەگەر قەت لە بیری بەرژەوەندیی خۆیدا بووبێت. بەوەشەوە، ئەگەر ئێمە دەمانەوێ رێبوارێکی راستەقینە بین بۆ رێبازی ئەو شەهیدە مەزنە، ئەوا گەورەترین پاداش بۆ ئەو پێشمەرگە خۆنەویستەی گەلەکەمان، ئەزموون وەرگرتنە لەو وانە ئیخلاقی‌یانەی کاك عوسمان کردبوونی بە سەرمەشقی ژیان‌و خەباتی بێوچانی خۆی.   ٤

# "رۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چیە؟"




"رۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چیە؟" لە تازەترین بەرهەمە چاپکراوەکانی "دەزگای وەرگێڕان"ە کە دەزگایەکی ئەهلییە بایەخ بە بواری وەرگێڕانی کتێب دەدات. ئەم کتێبە وەرگێڕدراوی کۆمەڵێك وتاری بیرمەندان‌و فیلسوفان‌و رووناکبیرانی بەناوبانگی جیهان لەبارەی رۆشنبیرو رۆشنبیرییەوەیە. "سۆران عەلیپوور" لە فارسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی. نووسەرانی ئەم کۆمەڵە وتارە بریتین لە: "ریمۆن ئارۆن" (رۆشنبیر کێیە؟ چارەنووسی چیە؟)، "ئیداوارد سەعید" (رۆڵی رۆشنبیر)، (رۆشنبیر لە مەنفادا، دەرکراوەکان‌و بەپەراوێز کراوەکان)، "دیستۆفسکی" (پشکنەری گەورە)، "یۆرگن هابرماس" (بەجیهانیبوون)، "حوسێن بەشیریە" (گونجان‌و ناکۆکییەکانی نێوان ئایین‌و مۆدێرنیتە لە رۆژئاوادا)، "کارڵ پوپەر" (ژیان سەرانسەر چارەسەری پرسەکانە).

ئەم کتێبە کە نوسخەیەکی بە دیاری پێشکێشی کتێبخانەی دەستەی نووسەرانی "کوردستان" کراوە، لە ١٦٨ لاپەڕە پێك هاتوە.

## مرواریی دەریای وشە

ـ باشترین رێگای پێش بینی داهاتوو، خولقاندنیەتی.

ـ تۆ کاتێك دەتوانی گەشە بکەی‌و پێش بکەوی، کە لە ژیانت دا رێبازی نوێ بگریە بەر. (کاترین پاندر)

ـ بۆ شادبوون، مەگەڕێ بۆ هۆ، تەنیا هەڵی بژێرە. (برایان رابینسون)

ـ کونترۆڵکردنی روحیەو رەوشت‌و خوو و خدەی خۆتان، تەنیا لە رێگەی هزرو بیری خۆتانەوە دەبێ. (ئانی کرکوود)

# کۆچی دوایی خاتوو پەری هاوسەری مام برایم پەیرەوان



پێش نیوەڕۆی چوارشەممە ٢٨ی خەرمانان، خاتوو پەری هاوسەری مام برایم پەیرەوان پێشمەرگەو تێکۆشەری لەمێژینەی حیزب پاش ماوەیەك بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشیی شێرپەنجە، کۆچی دوایی کرد. ئەم ژنە خۆڕاگرو زەحمەتکێشە ساڵانێکی دوورو درێژ بوو وەك هاوژیانی خەباتکارێکی دێموکراتو وەك ئەندامێکی حیزب چارەنووسی خۆی تێکەڵی حیزبە خۆشەویستەکەی کردبوو.

تەرمی خاتوو پەری دوانیوەڕۆی ٢٨ی خەرمانان لەنێو ماتەمی هاوسەرو جگەرگۆشەکەی‌و هاوسەنگەرانی مام برایم‌و بنەماڵە دێموکراتەکاندا لە مەزارگەی شەهیدانی حیزبی دێموکرات بەخاك سپێردرا. "کوردستان" بەم بۆنەوە لەگەڵ مام برایم پەیرەوان‌و ئاواتی کوڕی‌و بنەماڵەو کەسوکاری ئەم ئازیزە کۆچکردووە هاودەردی دەکاو لەخەمیان دا شەریکە.